# تێڕوانینی
# پێویستیە مرۆییەکان


٢٠١٩

ئەو کەسانەی کە پێویستیان
بە هاوکاریە ٦,٧ ملیۆن

تشرینی دووەمی ٢٠١٨



سەرچاوە:نووسینگەی ئۆچا بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی/لەلایەن مانجا ڤیدیک

## عێراق



ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە ٦,٧ ملیۆن

کۆی ژمارەی دانیشتوانی عێراق ٣٧ ملیۆن کەس




سەرچاوە: پرۆفایلی مرۆیی عێراق، ئابی ٢٠١٨

ئەم بەڵگەنامەیە بە ناوی تیمی مرۆیی لە وولات و هاوکارانی مرۆییەوە بەرهەمهێندراوە، و تێگەیشتنی هاوبەشی تیمی مرۆیی لە وولات لە بارەی قەیرانەکەوە دەخاتە ڕوو، لەوانە جەختکردنەوە لەسەر پێویستیە مرۆییەکان و ژمارەی خەملێندراوی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە. بەڵگەنامەیەکی یەکگرتوو دەنوێنێ و یارمەتیدەر دەبێت لە پلاندانانی هاوبەشی ستراتیجی بەهاناوەچوون.

لەو کاتەی کە ئەم بەڵگەیە بەڵگەیەکی یەکگرتوو دابین دەکات و یارمەتیدەر دەبێت لە پلاندانانی هاوبەشی ستراتیجی بەهاناوەچوون، هەندێ لەو ژمارانەی کە لە دوو توێ ی ئەم بەڵگەنامەیەن خەملاندنن لەسەر بنەمای ئەو داتا و زانیاریانەی کە بەردەستن و ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە.

ئەو نەخشەیەی کە هێڵکاری بۆ کراوە و مادده و نەخشەکان نیشاندان دەدات لەم ڕاپۆرتە هیچ وابەستە نیە بە دەربڕینی هەر ڕایەك هەبێت لەسەر بەشی تیمی مرۆیی لە وولات و هاوکاران بە ئاماژەکردن بۆ بارودۆخی یاسایی هەر وولاتێك، خاك، شار یان ناوچە و دەسەڵاتەکانیان، یان پەیوەندی هەبێت بە سنوردارکردنی دەروازەکان و سنورەکان.

ئەم بەڵگەنامەیە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ دەرچووە.

## بەشی ١:
## كورتەیەك

پێویستیە مرۆییەکان و ژمارە سەرەکیەکان

کاریگەری قەیرانەکە

دۆخی عێراق

پۆلینکردنی ئەوکەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە

بارودۆخی خراپی پێویستیەکان

دانانی پاراستن وبەرپرسیارێتی لە بەرامبەر خەڵکانی زیان بەرکەوتوو لە چەق بەرنامە

بەرەنگاریەکانی دەستگەیشتن و کرداری

# پێویستیە مرۆییەکان و ژمارە سەرەکیەکان

دۆخی مرۆیی لە عێراق گواستراوەتەوە بۆ قۆناغێکی تازە، هەرچەندە عێراق لە ئێستادا لە بارودۆخی دوای ململانێدایە لە دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە دژی داعش، گۆڕانکاری پێشبینینەکراو هەن لە سەرانسەری وولات، کە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرنامەدانانی مرۆی. هێرشی ناوناوەی گروپە چەکدارەکان لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی سەربازی قەبارە بچووك، کە دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی تازە و کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێژەی گەڕانەوەی ئاوارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرچاوەی تازەی نەبوونی سەقامگیری سەرهەڵدەدەن کە پەیوەندیان هەیە بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری، کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئاشتەوایی کۆمەڵگا و نەبوونی دەرفەتەکانی ژیان و گوزەران بارگرژیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کە دەبنە هۆی ئاوارەبوونی تازەی قەبارە بچووك.

لە ماوەی خولی بەرنامەدانانی ڕابردوو، ژمارەی ئاوارەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان گەیشتۆتە ٤ ملیۆن، لەو کاتەی نزیکەی ٢ ملیۆن کەس لە ئاوارەییدا دەمێننەوە. هەرچەندە هەوڵە مەزنەکان لە ڕێگادان بۆ بنیاتنانەوەی وولات و وەگەڕخستنەوەی ئابووری ناوخۆیی، ئاستەنگە بەرچاوەکان لە گەڕانەوەیان، لەوانە نیگەرانیەکانی ئاسایش، ترس و بریی سەخت؛ نەبوونی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی؛کێشەکانی کە پەیوەندیان بە بەڵگەنامەوە هەیە؛ نەبوونی ژیان و گوزەران و خاپووربوون و زیانپێگەیشتنی خانوو. لەو کاتەی کە ڕێژەی گەڕانەوەی ئاوارەکان دادەنرێن، ئاوارەبوونی ماوە درێژ و بەردەوامیدان بە ئاوارە گەڕاوەکان بریتین لە نیگەرانیەکان کە پێویستە چارەسەربکرێن، هەروەك ژمارەیەکی زۆر لە عێراقیەکان ناچارن کە هەڵبژاردەی مەترسی زۆر و نەرێنی ئەنجام بدەن بۆ خۆگونجاندنیان. لەگەڵ ئاوارەبوونی ماوە درێژ کە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٩، هاوکاری مرۆیی دەبێت بەردەوام بێت لە بە ئامانجکردنی ئاوارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکانی خێوەتگە. سەرنجی تایبەتیش پێویستە بدرێت بەو کەسانەی کە گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە داعش لێ دەکرێت، کە زۆربەی جار دەکەونە بەر شەرمەزاری لەلایەن کۆمەڵگاکانیان، جیاکاری و زۆربەی جار ڕێگریان لێکراوە لە گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان. لە کۆی گشتی، خەمڵاندنێکی ٦،٧ ملیۆن کەس لە ناو عێراق، لەوانە ٣،٣ ملیۆن منداڵ (خوار تەمەنی ١٨ ساڵی) و ٣،٣ ملیۆن ئافرەت و کچ کە بەردەوام پێویستیان بە هەندێك جۆری هاوکاری مرۆیی و پاراستن دەبێت.

## پێویستیە مرۆییە سەرەکیەکان


پاراستن وەك ئامانجی سەرەکی دەمێنێتەوە لە کاری لەپێشینەی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٩. گرنگی گەڕانەوەیەکی سەلامەت، بە خۆبەخشانە، شکۆمەندانە و بەردەوامی ئاوارەکان ناکرێ بەهەند وەرنەگیرێت ئەگەر عێراق بەنیازە هەڵسێتەوە لە دوای داعش. چەندین نیگەرانی پاراستن ماونەتەوە، لەوانە تۆڵەسەندنەوە لە دژی ئەو کەسانەی کە گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە داعش لێ دەکرێت؛ توندوتیژی فرە تایەفەگەری؛ گەڕانەوەی بە زۆرملێ و پێش وەختە و ئاستەنگدار؛ نەبوونی بەڵگەنامەی مەدەنی؛ ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان کە داوای هاوکاری تایبەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکەن؛ پیسبوونێکی زۆری خاك بەهۆی تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان (لەوانە خانووە تایبەتەکان؛ و کێشەکانی نیشتەجێبوون و ماڵ و موڵك. چوونەژوورەوە و ترساندن لەلایەن چەکدارانی ئاسایش بەردەوام ڕاپۆرتکراون لە هەردوو دامەزراوەکانی ناو خێوەتگە و دامەزراوە نافەرمیەکان: ٨٧ پێشێلکاری ڕاپۆرتکرابوون لە مانگی کانوونی دووەم تا ئابی ٢٠١٨ لەسەرانسەری عێراق، کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر زیاتر لە ١٠،٠٠٠ کەس.[1] ئافرەتان و منداڵان بەردەوام دەکەونە بەر فرە مەترسیەکانی پاراستن؛ کارپێکردنی منداڵ و بەشودانی منداڵ لە نێوان ئاوارەکان و منداڵانی ئاوارە گەڕاوەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە لەم چەند ساڵەی دوایی، لەو کاتەی کە زیاتر ١٠ لەسەدای منداڵان ڕاپۆرتکراون کە ئەزموونی فشاری کۆمەڵایەتی – دەروونیان هەیە.[2]

ئاوارەکانی ناو و دەرەوەی خێوەتگە بەردەوام پشت دەبەستن بە دابینکردنی هاوکاری مرۆیی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە سەرەکیەکانیان. سەرەڕای بەردەوامی هەوڵە بەرچاوەکان بۆ دووبارە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان، دامەزراندنی سەنتەرەکانی تەندروستی، و دووبارە بەگەڕخستنەوەی کارەبا، تۆڕەکانی ئاوو زێراب. خزمەتگوزاریەکانی خێوەتگە و ژێرخان دەبێت زیادبکرێن و باشتربکرێن تاکو کەمترین ستاندەرەکان پڕبکاتەوە و خزمەت بە ٤٨٢،٠٠٠ ئاوارە بکات کە لە ١٣٥ خێوەتگە ژیان دەگوزەرێنن. لە هەمان کاتدا، پەلایەنی کەمەوە ١٥٥،٠٠٠ ئاوارە لە شوێن پەناگەی خراپ ژیان دەگوزەرێنن٣ بە خراپی خزمەتگوزاریان بۆ دابین کراوە لەوانەیە پەنا ببەنە بەر ستراتیجیە نەرێنیەکانی خۆگونجاندن بۆ مانەوە لە ژیان.

بەرەنگاریەکان بۆ دڵنیابوون لە دەرفەتەکانی ژیان و گوزەران لە نێوان سێ پێویستیە سەرەکیەکانن کە ئاماژەیان پێکراوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە ئاوارەییدان و ئەو کەسانەش کە گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان. ئەستەمیەکان لە دەستگەیشتن بە دامەزراندن و ژیان و گوزەران ئەگەری ئاوارەکان سنوردار دەکات بۆ دەستکەوتنی پەناگە، خۆراك و کەل و پەلە ناخۆراکیە زۆر پێویستەکان؛ هەروەها دەکرێ ببنە ئاستەنگ لەبەردەم ئاوارە گەڕاوەکان لە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان، لەوانە تەندروستی، خزمەتگوزاریەکان و پەروەردە. ئەو کەسانەی کە دەکرێ هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، دەخەملێندرێن کە ٢٤ لەسەدای خێزانە ئاوارەکان میکانیزمە نەرێنیەکانی تەنگەتاوی بەکاردەهێنن بۆ خۆگونجاندن بۆ پڕکردنەوەی زۆرترین پێویستیە سەرەکیەکانیان، لەوانە وازهێنانی منداڵان لە قوتابخانە تاکو کار بکەن، کاری تاوان، بەشودانی منداڵ و بەشودانی زۆرەملێ. زیاتر لە ٦٠ لەسەدای ئەو کەسانەی کە زیانیان بەرکەوتووە و توێژینەوەیان لەسەر کراوە و ڕاپۆرتکراون کە قەرزدارن، زۆرینەیان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە سەرەکیەکانن؛ تێکڕای بڕی قەرز بۆ هەر سەرۆك خێزانێك دەگاتە ٢،٢ ملیۆن دیناری عێراق کە هاوتایە بە (١،٨٠٠ دۆلاری ئەمەریکی).٤بارودۆخەکە خراپە لە چەندین قەزا، لەوانە موسڵ، کە ٨٠ لەسەدای گەنجان کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ تا ٢٥ ساڵی دایە لە ئێستادا دانەمەزراون.

١.تێبینیەکانی CPI لە مانگی کانوونی دووەم بۆ ئابی ٢٠١٨ لەسەر بنەمای تۆماری بەدواداچوونی دەرکردنی بەزۆرەملێ و گەڕانەوەی ئاوارەکان، ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن و ڕاپۆرتەکانی هاوکاران.
٢. شیکاری گروپی پەروەردە لەسەر بنەمای خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، ئابی ٢٠١٨
٣. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوانی سەربە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، و لیستی ئاوارە گەڕاوەکان، هەروەك لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨.

٤.دەستپێشخەری ڕێکخراوی REACH، خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، مانگی ئابی ٢٠١٨.




سەرچاوە: پرۆفایلی مرۆیی عێراق، ئابی ٢٠١٨

## کاریگەری قەیرانەکە


لەو کاتەی کە قەیرانی مرۆیی هەنگاو دەنێت بۆ ساڵی پێنجەمی، عێراق بەردەوامە لە رووبەڕووبوونەوەی بەرەنگاریە زۆرەکان. ٦,٧ ملیۆن کەس کە دەکاتە (١٨ لەسەدای کۆی دانیشتوان) پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. خەملاندنێکی ٤,٥ ملیۆن کەس دووچاری نیگەرانیەکی پاراستن دەبنەوە. نزیکەی ٢ ملیۆن کەس لە ئاوارەییدا دەمێننەوە، زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی کە ئاوارەبوون بۆ زیاتر لە سێ ساڵ، کە ئەمەش وێنەی ئاوارەبوونی درێژکراوەی ڕاستەقینەیە و بانگەشەیە بۆ نزیکبوونەوەیەکی تەواوی سیستەمی بۆ بەهاناوەچوونی پێویستیەکانیان و کارکردن بەرەو چارەسەریە ماوە درێژەکان.

**چەند ساڵێکی چڕی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان قوربانیەکی گەلێك زۆری مرۆیی بە دوای خۆیدا بەجێهێشت؛ بە سەریەکەوە، ٦ ملیۆن کەس لەو کاتەوەی دەستپێکی قەیرانەکە لە ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبوون.** لەو کاتەی کە هەوڵە بەرچاوەکان لە ڕێگادان بۆ دووبارە بەگەرخستنەوەی ژیان لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێن، چەند ساڵێك دەخایەنێت تاکو عێراق بنیاتبنرێتەوە. بە گوێرەی لێدوانی حکومەتی عێراق و بانکی نێودەوڵەتی، نزیکەی ١٣٨,٠٠٠ [1] باڵەخانەی نیشتەجێبوون بەهۆی ململانێکە زیانیان پێگەیشتووە. نزیکەی نیوەی ئەم پێکهاتانەی باڵەخانە ڕووخاون و چاکردنەوەیان زۆری دەوێت، ئەمەش پێشبینی دەکرێت کە زیانی هەبێت بۆ زیاتر لە ٤٠٠,٠٠٠ کەس کە لەوانەیە نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان تاکو شوێنەکانیان بنیات دەنرێتەوە. [2] لەو ژمارەیەی کە گەڕاونەتەوە لە ساڵی ٢٠١٨، ١١ [3] لەسەدای ئەم کەسانە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە بارودۆخەکانیان لە خراپیدا بەرزە یان گەلێك بەرزە (ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی ژیان و گوزەران، خزمەتگوزاریەکان، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ئاسایش). نزیکەی ٢,٤ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاریە کە ئاسایشی خۆراکیان نیە؛ ٥,٥ ملیۆن کەس پێویستیان بە چاودێری تەندروستیە؛ ٤,٥ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری پاراستنە؛ ٢,٣ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری ئاو و خاوێنکردنەوەیە؛ ٢,٦ ملیۆن منداڵ پێویستیان بە دەستگەیشتن بە پەروەردەیە و ٢,٣ ملیۆن کەس پێویستیان بە پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکانە. کۆی گشتی ٧٩٧ هاوڵاتی عێراق کوژراون و ١,٤٦٣ کەس بریندارببوون بەهۆی کاری تیرۆریستی، توندوتیژی و ململانێ ی چەکداری لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨. [4]

1 . بانکی جیهانی، بەشی ٢ی بنیاتنانەوەی و بەرهەمهێنان لە عێراق و هەڵسەنگاندنی زیان و پێویستیەکانی پارێزگا زیان بەرکەوتووەکان،'٢٠١٨.

2 . ئاستی زیان پێگەیشتن بە خانوو لەسەر بنەمای وێنەی مانگی دەستکرد، لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی کە زۆربەی جار وەك بەرەنگاریەکە بەهۆی پاشماوەی جەنگ و نیگەرانیەکانی ئاسایش. وێنەکان وەکو خۆیان دەرچوون و سنورداره هەروەك چۆن بە دیار دەکەون لە چوارچێوەی وێنەکە. زیاتر لەوەش، هەڵسەنگاندنی لە دوور سنورداربوو بۆ ١٦ شوێنی بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی شارەکان بۆ ئەوانەی کە داتا و زانیاری لەسەریان بەردەستەبوو. هەر بۆیەش، ژمارەی باڵەخانە زیان پێگەیشتووەکان ئەگەری هەیە زیاتر بێت.

3 . خولی یەکەمی ڕاپۆرتی پاشکۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان سەر بە تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبووان، مانگی ئەیلولی ٢٠١٨.




سەرچاوە: لیستی ئاوارەکان لە تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبووان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆکۆچ ئەیلولی ٢٠١٨


**ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە دووچاری چەندین پێویستی مرۆیی دەبنەوە کە پێشبینی دەکرێن چڕتربیبنەوە تا ئەو کاتەی کە خێزانەکان دەتوانن ژیانیان بنیات بنێنەوە و چارەسەری ماوە درێژ بەدەستبێنن.** ڕێژەی هەژاری لەو ناوچانەی کە زۆرترین زیانیان پێگەیشتووە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە دژی داعش لەسەدا ٤٠ تێدەپەڕێنێت، بە بەراورد بەو ٢٢,٥ لەسەدای شوێنەکانی تری وولات.[٥] لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕێژەی هەژاری زیادی کردووە لە ٣,٥ لەسەدا بۆ ١٢,٥ لەسەدا، لە دەرەنجامی لێشاوێکی زۆری ئاوارەکان لە بەشەکانی تری عێراق لە دەستپێکی ٢٠١٤ەوە.[٦] کەل و پەلەکانی ناوماڵ بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەتەوە کە شیکاری هەژاری گەیشتۆتە ٢٣ لەسەدا لە نێوان ئاوارەکان، لەو کاتەی کە بارودۆخی هەژاری زۆر گەیشتۆتە ٧٠ لەسەدا.[٧] کۆی گشتی ٦٠ لەسەدای ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە داهاتی بەرچاو هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە سەرەکیەکانیان و ٣٤ لەسەدای ئەم ژمارەیە قەرز وەردەگرن بۆ کڕینی کەل و پەلە زۆر پێویستەکان.[٨] لە شوێنەکانی ئاوارەبوون – بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باکور کە بەشێکی زۆری ئاوارەکان لە خۆ دەگرن – نرخەکانی بەکرێگرتنی خانوو لە بەرزبوونەوەدان، کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری هەیە بۆ سەر ئاوارەکان، کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارە گەڕاوەکان.[٩] لەو کاتەی بازاڕەکان بە شێوەیەکی فراوان بەکارخراون، نرخی زیاتر خراونەتە سەر کەل وپەل لە خاڵەکانی پشکنین کە تازە دامەزراون لە نێوان ڕێگاکانی کەرکوك- هەولێر و کەرکوك - سلێمانی کە بەردەوام نرخەکانی بازاڕی ناسەقامگیرکردووە لە پارێزگای کەرکوك. کاتێك بە شێوەیەکی گشتی وەریدەگرین، ئەم ئامارانە پێشنیازی ئەوەمان بۆ دەکەن کە ئەگەری قەیرانی دوو هێندە هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە و ئازار دەچێژن بەهۆی زیادبوونی باری هەژاریان لە سەرووی ئەو ململانێەی کە چەندین ساڵە هەیە.

**توانای هەڵسانەوە و خۆگونجاندنی ئاوارەکان بەرچاوبووە، بەڵام زۆر ماندوون بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئاوارەبوونی ماوە درێژدان.** نزیکەی ٢ ملیۆن کەس لە ئاوارەییدا دەمێننەوە، لەو ژمارەیە زیاتر لە نیوەیان بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە ئاوارەبوون. زۆرینەیەکی بەرچاوی ئەم ئاوارانە (٧١ لەسەدا) لە دەرەوەی خێوەتگەکان نیشتەجێن، زۆربەیان لە ناو خودی هەرێمی کوردستانی عێراق و پارێزگای نەینەوان. تەنانەت ئەو ٢ ملیۆن ئاوارە لە ناو خودی پارێزگاکانی خۆیان ئاوارەبوون کە دەکاتە (٤٩ لەسەدا) و لە پارێزگاکانی تریش کە دەکاتە (٥١ لەسەدا). دەستگەیشتن بە دامەزراندن و دەرفەتەکانی ژیان و گوزەران بەردەوام وەك نیگەرانیەکی سەرەکی بۆ ئاوارەکان دەمێنێتەوە.[١٠] ئەو ئاوارانەی کە بە ئەستەمیان بینیوە دەستیان بەخۆراك بگات کە (٥١ لەسەدایە)، و کەل و پەلەکانی ناوماڵ و ناخۆراکی (٦٦ لەسەدا) و پەناگە (٤٢ لەسەدا) وەك نیگەرانیە سەرەکیەکانیانە. [١١]

٤. ژمارەکانی قوربانیان لە عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ڕێکخراوی UNAMI، لە کانوونی دووەم – ئەیلولی ٢٠١٨.
٥.بانکی جیهانی، زیانەکان و هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان، ٢٠١٨.
٦.لێژنەی باڵای وەزارەتی پلاندانان بۆ ستراتیجی کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری،"ستراتیجی بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لە عێراق ٢٠١٨ – ٢٠٢٢،" ٢٠١٨.
٧.بانکی جیهانی، زیان و هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان، ٢٠١٨.
٨.هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ خولی چوارەم، ٢٠١٨.

٩.بانکی جیهانی، زیان و هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان، ٢٠١٨.
١٠. خولی سێیەمی هەڵسەنگاندنی یەکگرتوویی شوێن لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، ٢٠١٨.


پۆلینکردنی شوێنی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ هەر قەزایەك لە بارودۆخی خراپی بەرز بۆ نزم




سەرچاوە: پاشکۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان لەلایەن تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، ئەیلولی ٢٠١٨


1.پاشکۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان لەلایەن تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبووان هەموو داتا و زانیاریەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە لەسەر ژمارەکانی دانیشتوانی ئاوارەی گەڕاوە لەگەڵ ئاماژەپێدەرەکان لەسەر (ا) ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان و (ب)یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بۆچوونەکانی سەلامەتی بۆ دروستکردنی تۆمارێك لەسەر ئاستی شوێن(بۆ نموونە، تاکە لادێ، شارۆچکە یان گەڕەك) کە قەبارەی بارودۆخەکانی خراپی یان جۆرێتی گەڕانەوەکان دەکات. هەر یەك لەو ١,٤٢٧ شوێنەی کە هەڵسەنگێندراون پۆلینکراون بۆ ناو چوار پۆلینی جیاواز لەسەر بنەمای ئەو تۆمارەی کە خەملاندنی بۆکراوە لە بارەی بارودۆخەکانی خراپی.

## چڕی ئاوارەکان لە ناو خێوەتگەکان لەو قەزایانەی ئاوارەبوون




سەرچاوە: هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە ئەیلولی ٢٠١٨

## چڕی ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە لەو قەزایانەی کە ئاوارەبوون




## بەشی ١: کاریگەری قەیرانەکە

**قەبارە و مەوادی چەندین ساڵی ململانێ بە جیاوازی زیانی گەیاندووە بە گروپەکانی دانیشتوان، لەگەڵ هەندێ مەترسی گەورە لە چاو ئەوانی تر.** خەملاندنێکی ١٣ لەسەدای تەواوی ئاوارەکان و سەرۆك خێزانەی ئاوارە گەڕاوەکان کە ئافرەتن لە مەترسیەکی خراپدان لە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.[١٢] حەوت قەزا لە نێوان ٢٢ – ٣٤ لەسەدای خێزانەکان کە سەرۆك خێزانن و خاوەن پێداویستی تایبەتین کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر توانای ئەنجامدانی چالاکی ڕۆژانەیان.[١٣] لە ساڵی ٢٠١٩ خەملاندنێکی ٢,١ منداڵ لەوانەیە لە مەترسیەکی ڕاستەقینەدابن کە نەتوانن دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریە زۆر پێویستەکان بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەی باری شارستانی، لەوانەیە ئەوان دووچاری جیاکاری، فشاری دەروونی ، توندوتیژی خێزانی، کارکردن بە منداڵ، توندوتیژی سێکسی لەوانە بەشودانی منداڵ ببنەوە. پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکوك و سەڵاحەددین و ئەنبار زۆرترین ژمارەی لەو منداڵانەی نیشانداوە کە بەهۆی ململانێ زیانیان پێگەیشتووە و لە مەترسیدان.[١٤] لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨، ١٥٦حاڵەتی پێشێلکاری زۆر خراپی مافەکانی منداڵ هەبوون، لەوانە ٥٧ منداڵ کوژراون و ٧٠ منداڵی تریش بریندراربوون.[١٥] ئەو کەسانەی کە گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە داعش لێ دەکرێت مەترسیەکی زۆریان لەسەرە لە توندوتیژی، بەهەڵقۆستنەوە و چەندین پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ.[١٦]

**لەو کاتەی کۆمەڵگاکان خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ بارودۆخی دوای ململانێ، دەستگەیشتنی سنوردار بە بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی کاریگەری دەبێت لەسەر توانای هەڵسانەوەی کۆمەڵگا.** دەستگەیشتن بە تۆڕەکانی هاوشێوەی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەوانە سیستەمی دابەشکردنی گشتی خۆراکی مانگانە، بەرنامەی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە گواستنەوەی پارەی کاشی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی،[١٧] کە وەك بەرەنگاریەك بۆ هەردوو ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان دەمێنێتەوە. ئاستەنگەکان لەوانە نەبوونی بەڵگەنامەی باری شارستانی بۆ خستنە ناوەوەی بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان، توانای هەڵسەنگاندنی نارێکی دەسەڵاتداران و ڕێ و شوێنە ئاڵۆزەکانی تۆمارکردن. لەو کاتەی خەڵکی عێراق پێشوازیان لە خێزانە ئاوارەکان بۆ ماڵەکانیان و کۆمەڵگاکانیان کرد، قەبارە و ئاڵۆزی قەیرانەکە زاڵبووە بەسەر توانای هەڵسانەوەی هەندێك لە کۆمەڵگا خانەخوێکان، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە هەندێك ئاستی جێگای نیگەرانیە لە بێکاری و خراپبوونی خزمەتگوزاریە گشتیەکان.

١١. خولی سێیەمی هەڵسەنگاندنی یەکگرتوویی شوێن لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، ٢٠١٨.
١٢.خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، ٢٠١٨.
١٣. خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، ٢٠١٨.
١٤.خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، ٢٠١٨.
١٥.چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشلکاریە خراپەکان لە بەرامبەر منداڵان لە عێراق (کانوونی دووەم – ئەیلولی ٢٠١٨).
١٦.ڕاپۆرتەکانی هاوکاری پاراستن؛ هەڵسەنگاندنەکانی بەپەلەی پاراستن، **ئیدانەکراو**: ئافرەتان و منداڵانی پەرێزخراو، گیرخواردوو و هەڵقۆستێنراو لە عێراق. ڕاپۆرتی لێبوردەیی نێودەوڵەتی: نیسانی ٢٠١٨.
١٧.بەرنامەی گواستنەوەی پارەی کاش بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە هیچ داوایەکی تازەی وەرنەگرتووە بۆ ماوەی ساڵێك دەبێت. هەروەها نزیکەی ٨٠٠,٠٠٠ داوای تازەی تۆمارکردن هەڵپەسێردراون پێش ئەوەی دەست بکەن بە تۆمارکردنی تازە.

## ئەو کۆمەڵگا خانەخۆییانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە و ئاوارەکانی دەرەوەی دامەزراوەی خێوەتگە




| Governerate | District | IDPs out-of-camps | Host community |
|---|---|---|---|
| Ninewa | Mosul | 247,372 | 28,737 |
| Erbil | Erbil | 186,810 | 62,113 |
| Dahuk | Sumel | 104,511 | 6,651 |
| Kirkuk | Kirkuk | 91,827 | 261 |
| Sulaymaniyah | Sulaymaniyah | 79,972 | 11,865 |
| Dahuk | Zakho | 62,698 | 24,338 |
| Salah al-Din | Tikrit | 61,835 | 21,750 |
| Baghdad | Karkh | 41,478 | 41 |
| Dahuk | Dahuk | 37,919 | 17,909 |
| Salah al-Din | Samarra | 37,392 | 232 |
| Ninewa | Akre | 36,426 | 737 |
| Salah al-Din | Tooz | 35,868 | 18,571 |
| Ninewa | Shikhan | 27,048 | 5,336 |
| Sulaymaniyah | Kalar | 24,477 | 509 |
| Diyala | Ba'quba | 24,064 | - |
| Ninewa | Sinjar | 23,562 | 28,425 |
| Ninewa | Tilkaif | 22,404 | 8,938 |
| Najaf | Najaf | 20,886 | 4,906 |
| Ninewa | Telafar | 17,862 | 21,873 |
| Kirkuk | Daquq | 16,882 | 5,293 |

## بەشی ١: کاریگەری قەیرانەکە

**پارێزگاکانی باشور دووچاری چینەکانی پێویستی درێژخایەن دەبنەوە.** دەخەملێندرێت کە ١٢٣,٠٠٠ کەس پێویستیان بە هاوکاریە لە پارێزگاکانی باشوری عێراق لەوانە (بەسرە، موثنی، قادسیە، میسان و زێقار)، کە لەوێ ڕێژەی هەژاری زیاترە لە ٣٠ لەسەدا، و بڵاوبوونەوەی هەژاری لە ڕیزی منداڵان ٥٠ لەسەدایە.[18] کەمبوونەوەی بەرچاو هەیە لە بڕی ئاو و جۆرێتی لە ساڵی ٢٠١٨ کە زیانی گەیاندووە بە ٢٥ لەسەدای کۆی دانیشتوان کە (بە نزیکەی ١,٩ ملیۆن کەسە)، و پیسبوونی ئاوی شاری بەسرە بووە هۆی ناردنی زیاتر لە ١١٠,٠٠٠ کەس بۆ نەخۆشخانەکان کە نیشانەکانی تێکچوونی هەرسکردنیان هەبوو. عێراق ساڵانە نزیکەی ٢٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاك لە دەست دەدات بەهۆی بە بیابان بوون، زۆرینەی لە باشور،[19] و کەمبوونەوەی ئاو پێش وەختە نزیکەی ٤٠٠٠ خێزانی ئاوارە کردووە کە خەریکی کشتوکاڵن.[20]

.

**هەوڵە مەزنەکان لە ئەستۆگیراون بۆ ئاسانکاری کردن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان، هەرچەندە زۆربەی ئاستەنگەکان دەمێننەوە.** لێژنەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان لەلایەن حکومەتی عێراق کۆمەڵگای مرۆی دامەزراون بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بە ڕێك و پێکی بەڕێوە دەچن، بە خۆبەخشانە، بە شکۆمەندانە و بە بەردەوامی. کاریگەرێتی لێژنەکانی حکومەت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان جۆراوجۆرن لەسەرانسەری پارێزگاکان؛ بەهێزکردنی ڕۆڵیان لە ڕێبەری کردنی یەکگرتنی خێوەتگە و داخستنیان، هەروەها پەرەپێدانی گەڕانەوەی بەردەوامی ئاوارەکان، بریتی یە لە کارێکی لەپێشینە بۆ هاوکاری کردنی گواستنەوەیەکی بەرپرسیارانە. لەو کاتەی کە هەڵسەنگاندنی پلانەکانی داهاتووی ئاوارەکان کە پەیوەندیان بە ئاوارەبوونیان هەیە ئەستەمە بەبێ هیچ نارێکیەك بکرێت، خەڵکی ئاماژە دەکەن بە زیان پێگەیشتن و ووێرانبوونی خانووەکان کە (٧١ لەسەدایە)؛ نەبوونی دەرفەتەکانی کار (٥٤ لەسەدایە)، و نەبوونی سەلامەتی لە شوێنەکانی زێدی خۆیان (٤٠ لەسەدایە)؛ کە وەك ئاستەنگە سەرەکیەکانە لە بەردەم گەڕانەوەیان.[21] وا ڕوون بۆتەوە کە زۆرینەیەکی بەرچاوی ئاوارەکان لەوانەیە نەگەڕێنەوە بۆ شوێنی زێدی خۆیان و کۆکردنەوەی زانیاری لەوانەیە هەمان ژمارە بەدەستەوە نەدات لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە نیازیان وایە بچنە ناو کۆمەڵگا یان بگوازرێنەوە بۆ شوێنی تر لە ماوەیەکی درێژ. بۆیە، دەبێت هاوکارانی مرۆیی و هاوکارانی پەرەپێدان بەیەکەوە کاربکەن بۆ بەدەستهێنانی چارەسەریە ماوە درێژەکان بۆ ئەو کەسانەی کە بە نیازن بگەڕێنەوە یان بگوازرێنەوە بۆ شوێنی تر.

١٨.لێژنەی باڵای وەزارەتی پلاندانان بۆ ستراتیجی کەمکردنەوەی هەژاری "ستراتیجی بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لە عێراق ٢٠١٨ – ٢٠٢٢،" ٢٠١٨.

١٩.وەزارەتی پلاندانان، "پلانی پەرەپێدانی نیشتمانی عێراق بۆ ٢٠١٠ -٢٠١٤،" بەغدا ٢٠١٠.


٢٠.بەدواداچوونی تەنگەتاوی لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە بارەی قەیرانی ئاوی عێراق، ئەیلولی ٢٠١٨.

٢١.هەڵسەنگاندنی یەکگرتوویی شوێن خولی سێیەم. توێژینەوەکانی مەبەستی کەلەلایەن بەڕێوەبردن و هەماهەنگی خێوەتگە و ڕێکخراوی REACH ئەنجام دراون لە مانگی ئابی ٢٠١٨ لەگەڵ ٩٤,٠٠٠ سەرۆك خێزان لە ١٢٨ خێوەتگەی فەرمی پشتڕاستیان کردۆتەوە کە دۆزینەوە سەرەکیەکانی هەڵسەنگاندنی یەکگرتوویی شوێن (ئەنجام دراون لە ڕێگەی زانیاریە پێدەرە سەرەکیەکان) لەسەر ژیان و گوزەران، سەلامەتی، پەناگە، بەڵام دابەشکردنی زیاتر دابین دەکەن لەسەر کێشەکانی کە پەیوەندیان هەیە بە سەلامەتی، لە نێوان ئەوانەش ترس لە جیاکاری، ترس یان بڕینی سەخت کە پەیوەندی هەیە بە گەڕانەوەیان، پیسبوون بەهۆی تەقەمەنیە مەترسیدارەکان و نەبوونی هێزەکانی ئاسایش.

## کۆمەڵگا خانەخۆییەکان و ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە – دابەشبوونی جیوگرافی و دانیشتوان بۆ هەر قەزایەك

| Governorate | District | Pre-crisis population (est. 2014) | IDPs in camps | IDPs out-of-camps | Total IDPs | % of total IDPs | % of total IDPs out-of-camp |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Ninewa | Mosul | 1,223,374 | 148,838 | 247,372 | 396,210 | **32%** | **20%** |
| Erbil | Erbil | 1,330,667 | 6,438 | 186,810 | 193,248 | **15%** | **14%** |
| Dahuk | Sumel | 257,625 | 85,311 | 104,511 | 189,822 | **74%** | **41%** |
| Kirkuk | Kirkuk | 1,046,580 | 6,267 | 91,827 | 98,094 | 9% | 9% |
| Sulaymaniya | Sulaymaniya | 969,274 | 13,484 | 79,972 | 93,456 | 10% | 8% |
| Dahuk | Zakho | 402,136 | 49,310 | 62,698 | 112,008 | **28%** | 16% |
| Salah al-Din | Tikrit | 296,477 | 3,157 | 61,835 | 64,992 | **22%** | **21%** |
| Baghdad | Karkh | 2,133,779 | 624 | 41,478 | 42,102 | 2% | 2% |
| Dahuk | Dahuk | 394,767 | 1,729 | 37,919 | 39,648 | 10% | 10% |
| Salah al-Din | Samarra | 96,908 | 0 | 37,392 | 37,392 | **39%** | **39%** |
| **Total top 10 districts** | | **8,151,587** | **315,158** | **951,814** | **1,266,972** | **16%** | **12%** |
| Ninewa | Akre | 41,256 | | 36,426 | 36,426 | **88%** | **88%** |
| Salah al-Din | Tooz | 233,439 | 0 | 35,868 | 35,868 | 15% | 15% |
| Ninewa | Shikhan | 38,314 | 28,806 | 27,04[illegible] | 55,854 | **146%** | **71%** |
| Sulaymaniyah | Kalar | 230,546 | 1,689 | 24,477 | 26,166 | 11% | 11% |
| Diyala | Ba'quba | 138,261 | 1,040 | 24,064 | 25,104 | 18% | 17% |
| Ninewa | Sinjar | 298,149 | 0 | 23,562 | 23,562 | 8% | 8% |
| Ninewa | Tilkaif | 165,180 | | 22,404 | 22,404 | 14% | 14% |
| Najaf | Najaf | 526,970 | | 20,886 | 20,886 | 4% | 4% |
| Ninewa | Telafar | 496,095 | 0 | 17,862 | 17,862 | 4% | 4% |
| Kirkuk | Daquq | 121,331 | 10,622 | 16,882 | 27,504 | **23%** | 14% |
| **Total top 20 Districts** | | **10,441,129** | **357,315** | **1,201,293** | **1,558,608** | **15%** | **12%** |

ئەو شوێنە جیوگرافیانەی کە جەختیان لەسەرکراوەتەوە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان کە بارودۆخەکانی خراپیان لە زۆر بەرز و بەرزە.





| Ninewa | Salah al-Din | Kirkuk | Diyala | Anbar |
|---|---|---|---|---|
| Sinjar Centre | Baiji | Taza Khormatu | Al-Adheim | Falluja-Ramadi strip |
| Telafar Centre | Tooz Khormatu/ Suleiman Beg | Hawija Centre | Saadiya/ Jalawla | Ana Centre |
| West Mosul | Balad/ Duloeiya | Al-Abbasy | | |
| Al-Ba'aj | | | | |
| Desert strip of Al-Tal, Hatra and Muhalabiya | | | | |

سەرچاوە: پاشکۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان لە تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبووان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، ئەیلولی ٢٠١٨

بەشی ١: کاریگەری قەیرانەکە

خێوەتگەکانی ئاوارەکان لە عێراق




سەرچاوە: لیستی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە و لێشاوی دانیشتوان (تشرینی یەکەمی ٢٠١٨)

## کۆمەڵایەتی – ئابوری

لەسەر بنەمای بڕی داهاتی نیشتمانی بۆ هەر تاکێك، لە ئێستادا عێراق پۆلینکراوە وەك وولاتێك کە داهاتی ناوەند بەرەو سەرەوەیە. پاشکۆی پەرەپێدانی مرۆیی عێراق کە بڕەکەی بۆ ساڵی ٢٠١٧ بریتی بوو لە ٠,٦٨٥ – کە ئەمەش وولات دەخاتە پۆلینی پەرەپێدانی مرۆیی ناوەندی – دەیخاتە ڕێزبەندی ١٢٠ لە کۆی ١٨٩ وولات و ناوچە. لە نێوان ١٩٩٠ و ٢٠١٧، پاشکۆی پەرەپێدانی مرۆیی عێراق زیادی کردووە لە ٠,٥٧٢ بۆ ٠,٦٨٥، زیادبوونێکی ١٩,٨ لەسەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە کە بەبیرخۆمان بێنینەوە کە پێشکەوتنی وەها ئابوریەك بەدەست هاتوون لە ململانێ ی چەکداری جیاجیا لە وولات، دواترینیان ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیەبوو لە دژی داعش لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ تاوەکو ٢٠١٧.


داتای بانکی جیهانی ئاماژە بەوە دەکات کە بارودۆخی ئابووری عێراق وورده وورده بەرەو باشی دەچێت لە دوای ئەو بارگرژیە قوڵەی ئابووری سێ ساڵی ڕابردوو. بەزاندنی داعش لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ لەلایەن حکومەتی عێراق و هاوپەیمانانی دەرچەیەك دەدات بە دەست حکومەت بۆ دەستپێکردنی کاری بەپەلەی دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی وولات، و دووبارە دابین کردنەوەی خزمەتگوزاریەکان و دابین کردنی دەرفەتەکانی ئیش وکار بۆ دانیشتوان. هەرچەندە، چالاکیەکانی لەم شێوەیە ناتواندرێت لە پرێکدا بێتە کایەوە. هەر بەرەوپێشوەچوونێك بێتە دی دەبێت پێویستی بۆ دەستنیشانکردنی پاشماوەی ململانێکانی ڕابردوو و فەرامۆشکردنی حکومەت لەبەرچاو بگیرێن، لەوانە لە باشور، کە هەژارترین هەرێم بووە پێش هاتنی داعش. بانکی جیهانی دەیخەملێنێت کە تێچووی دووبارە بنیاتنانەوەی دوای داعش بریتی یە لە ٨٨ ملیار دۆلاری ئەمەریکی. لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق، کە لە مانگی شوباتی ٢٠١٨ لە کوێت بەڕێوەچوو، بڕی ٣٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکی بە دەست هاتوون لەو پابەندیانەی کە دراون، کە زۆربەیان لە جۆری قەرز و دڵنیاین. تاکو ئێستا، هەموو ئەم داواکاریانە بە ماددی نەکراون، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر هەوڵەکانی دووبارە بنیاتنانەوە. هەروەها هەوڵەکانی سەقامگیرکردنیش دواخراون بەهۆی نادڵنیایی سیاسی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت دوابەدوای هەڵبژاردنەکان لە هەردوو حکومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨.

سەرەڕای زیادبوونی ئابووری بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، ڕێژەی هەژاری بە نەگۆڕی ماوەتەوە. لە ساڵی ٢٠١٤، دوا ساڵ کە ئاماری متمانەپێکراو لەبەردەستبوون، خەملێندرابوو کە ڕێژەی هەژاری زیادی کردووە بۆ خەملاندنێکی ٢٢,٥ لەسەدا لەو ١٨,٩ لەسەدایەی ساڵی ٢٠١٢. ڕێژەکە پێدەچێت کە دووهێندە بێت لە نێوان ئاوارەکان. ئامارەکانی ئەم دواییەی بازاڕی کار ئاماژە بەوە دەکات کە خراپبوونی زیاتری ستاندەر لە وولات هەیە. ڕێژەی بێکاری، کە لە دابەزیندابوو پێش هاتنی داعش، ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ ئاستەکانی ساڵی ٢٠١٢. نزیکەی چارەگێکی دانیشتوان کە تەمەنی کارکردنیان هەیە بێکارن، بۆ نموونە، یان دانەمەزراون یان ئاستی کارکردن کەمە. ئاوارەکان شەکەت بوون بەهۆی چەندین ڕووداوەوە: ئەوان سامانێکی زۆریان لە دەستداوە و موڵکەکانیان لەناوچوون؛ ئەوان بە بەرچاویانەوە مردنی ئەندامانی خێزانیان بینیوە، نەخۆش کەوتوون، یان بریندار‌بوون بە ڕێژەیەکی زۆر؛ دووچاری لەدەستدانی ئیش و کار بوونەتەوە. ئەم بارودۆخانە لە کاتێك سەریان هەڵدا کە توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەم بارودۆخانە وای کرد زیاتر فشاریان بێتە سەر. ژمارەیەکی کەم لە هەرزەکارانی ئاوارە کاریان هەیە، کەوابوو هەر هەرزەکارێکی دامەزراو لە هەر سەرۆك خێزانێکی ئاوارە هاوکاری زیاتر لە شەش کەس لە ئەندامانی خێزان دەکات.

سەرەڕای ئەم دواکەوتنانە، تێڕوانین بۆ عێراق ڕاپۆرت کراوە کە دەگونجێت لەگەڵ کۆی گشتی گەشەسەندنی پێشنیازکراوی بڕی بەرهەمی خۆماڵی لە زیادکردنی بۆ ٦,٢ لەسەدا لە ساڵی ٢٠١٩ کە بەردەوامی پێدەدرێت لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی زیاتری نەوت. لەم قۆناغەی خولی پلاندانانی نیشتمانی، ڕوون نیە کە تا چەند داهاتی پێشنیازکراو بەرهەم دەهێندرێت بۆ ناو بەرنامەکانی دووبارە بنیاتنانەوە و پەرەپێدان. لە ئێستادا عێراق دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە ئۆپێك، (ڕێکخراوی وولاتانی هەناردەی نەوت)، کە لە دوای سعودیەوە دێت. هەرچەندە، لە چەند ساڵی داهاتوودا، بەرهەمهێنانی نەوت پێشبینی دەکرێت کە زیاد ببێت، بە کەمکردنەوەی کۆی گشتی گەشەسەندن بۆ تێکڕای ٢,٥ لەسەدا تاکو ساڵی ٢٠٢٣، مەگەر حکومەت بتوانێت وەبەرهێنان بەگەر بخات لە کەرتی نەوت. گەشەسەندنی جگە لە نەوت پێشبینی دەکرێت بە ئەرێنی بمێنێتەوە لە دواوەی بەرهەمهێنانی بەرزتر کە پێشبینی دەکرێت بچێتە ناو دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی زیانپێگەیشتووی عێراق، هەروەها بە فیرۆدانی تایبەت زیادی کردووە.هەرچەندە، بەردەوامی چاککبوونەوەی جگە لە نەوت پشت دەبەستێت بە گواستنەوەی بەپەلە کاتێك ئاسایش باشتر دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کۆمەکی بەرهەمهێنانی جۆری بەرز لەگەڵ پاڵپشتیەکی باشی دارایی.

پلاندانانی دارایی بۆ ساڵی ٢٠١٩ بە بەهێزی پشت دەبەستێت بە داهاتی نەوت. ئەو تەرخانکردنانەی کە پلانیان بۆ دانراوە بۆ هەندێك لە کەرتە سەرەکیەکانی پەرەپێدان لەوانە – کارەبا و ئاو – ڕەنگدانەوەی ئەو کارەیە کە حکومەت ئەنجامی دەدات بۆ باشترگەیاندنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، بەڵام تەرخانکردنەکان بۆ ووزە و ئاسایش ئەوانیش وەك کاری لەپێشینە دەمێننەوە بۆ ماوەی داهاتوو. تەرخانکردنەکانی کۆمەکبەخشان کە پێشنیازکراون بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی ئەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێن وەك زۆر کەمتر لە پێویستیە خەملێندراوەکان دەمێننەوە.

له دوای كۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە عێراق لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧، هێزی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەختکردنەوەی گۆڕی لە ئۆپەراسیۆنە چالاکەکانی سەربازی بۆ مەشقپێکردن و پەرەپێدانی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی. ژمارەی تەواوی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناو عێراق نازاندرێت، بەڵام وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ووتی کە لە ئێستادا خەملاندنێکی ٥٠٠٠ هێز لە ناو وولاتدا هەن.




سەرچاوە: تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبووان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، گروپەکان و هاوکاران

هێزەکانی ئاسایشی عێراقی پێك دێن لەو هێزانەی کە خزمەت دەکەن لە ژێر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگری، هەروەها نووسینگەی نەهێشتنی تیرۆری عێراقی - کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت دەکەن بۆ سەرۆك وەزیران، کە ئەویش چاودێری هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی عێراقی دەکات. هێزەکانی وەزارەتی بەرگری لەوانە سوپای عێراقی، هێزی ئاسمانی عێراقی و هێزی دەریاوانی عێراقی. هەروەها وەزارەتی بەرگری کۆلێژی ستافی هاوبەش، مەشقکردن بە سوپا، دەریاوانی، ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی بەڕێوە دەبات، بە هاوکاری لەگەڵ نێردەی مەشقکردنی سەر بە ناتۆ(ڕێکخراوی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی). پێشمەرگە، هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، بریتین لە هێزێکی چەکداری جیا کە پشتیان پێ دەبەسترێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا، یەکەکانی ئاسایشی عێراقی کە پێك دێن لە گروپە چەکدارەکان کە بەشێك بوون لە جەنگی دژی داعش، لە دوای بەهاناوەچوونی بانگەوازی ئایەتوڵا عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی ئایینی شیعە – بۆ پاریزگاری کردن لە بەغدا، شوێنە پیرۆزەکانی شیعە و وولات. بەهێزترینیان لە نێوان ئەم گروپانە، بریتین لە یەکەکانی حشدی شعبی (هێزەکانی حشدی شعبی)، بریتین لە ڕێکخراوێکی چەتری کە لە ٥٠ گروپی حشد پێك دێن. لەو کاتەوەی کە دامەزراون وەکو میلیشیایەك لە دانیشتوانی عەرەبی سوننە و دانیشتوانانی کەمینە تاکو ببنە هێزی ئاسایشی جیا لەوەی سوپای فیدراڵی و پۆلیس، کە ناوبانگیان دەرکردووە لە نێوان دانیشتوانانی شیعەی عێراق بە تایبەت. بە یاسا، حشد بەشێکن لە ئاسایشی وولات بەڵام ناسراون وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ لە ژێر ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی مەدەنی. هەرچەندە حکومەتی عێراقی ئاماژەی بەوە کردووە کە نیازی ئەوەی هەیە گروپە میلیشیاکان بە تەواوی بباتە ناو سوپا، هێشتا هیچ پلانێك لە ئارادا نیە کە ئەم گروپانە هەڵبوەشێندرێنەوە یان یەکبخرێن بۆ ناو وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ لە ماوەیەکی کورت.


بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٨، داعش لە عێراق بەزێندرا و ئێستا چەند ژمارەیەکی بچووکیان لە ناو خاکی کۆماری عەرەبی سوریا ماون. زۆربەی چەکدارانی داعش، پلاندانەران و باڵادەستەکانیان، ئاسایش و فەرماندە سەربازیەکانیان لە شەڕ کوژراون یان ناوچەی ململانێ ی شەڕیان بەجێهێشتووە. هەرچەندە، هاوسۆزانی داعش لە ناو عێراق و کۆماری عەرەبی سوریا ماون، هەندێکیان هێشتا تەواو چالاکن لە ڕووی سەربازی و ئەوانی تریش خۆیان حەشارداوە لە کۆمەڵگای هاوئاهەنگیان و لە ناوچە دوورە دەستەکان. هێرشی قەبارە بچووك لە سەرانسەری وولات بۆتە هۆی سەرهەڵدانی داعش لەسەر بنەمای هەفتانە. خەملێندراوە کە کۆی گشتی ئەندامانی داعش لە ئێستادا لە ناو عێراق و کۆماری عەرەبی سوریا لە نێوان ٢٠,٠٠٠٠ تا ٣٠,٠٠٠ کەس دەبێت، کە بە یەکسانی دابەش بوون لە نێوان هەردوو وولات. لە نێوان ئەم کەسانە هێشتا توخمێکی بەرچاو لە هەزاران کەس لە چەکدارانی بیانی چالاك هەن.

## سیاسەت

لە دوای ململانێ ی ناوخۆیی و هەرێمی تێبینکراو لە دوای نیوەی سەدەی ٢٠م، عێراق ببوو بە مەیدانی جەنگ بۆ هێزە پێشبڕکێکانی جیهان لەو کاتەوەی ساڵی ٢٠٠٣. وولات تەنها ماوەیەکی کورتی تێپەڕاند لە ململانێ و توندوتیژی لەسەر ئاستی بەرز، لەوانە توندوتیژی تایەفەگەری و ئایینی و شوناسی. وەها ناسەقامگیریەك ئاستەنگی لەبەردەم هەوڵەکان داناوە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئابووری پەرتەوازە بەهۆی چەند دەیەیەك لە ململانێ و سزاکان، تەنانەت سەرەڕای ئەم هەڵ و مەرجانەش عێراق دووەم گەورەترین یەدەگی نەوتی خامی هەیە.

سیاسەت لە عێراق لە ناو خودی چوارچێوەیەکی نوێنەری پەرلەمانی فیدراڵی کۆماری دیموکراتی جێبەجێکراوە. سیستەمێکی چەندین پارت و لایەنی سیاسیە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ناو حکومەتی عێراق لەلایەن سەرۆك وەزیرانە کە وەك سەرۆکی حکومەتە. ڕۆڵی سەرۆکی عێراق، و ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان). حکومەتی هەرێمی کوردستان حوکمی نیمچە سەربەخۆیی هەیە لەو کاتەوەی ساڵی ٢٠٠٥ کە دەستور دانرا، و نوێنەرانی سیاسی خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ڕۆژانەیان. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمێکی لەسەر سەربەخۆیی لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ ئەنجامدا لەگەڵ زۆرینەی هاووڵاتیانی هەرێمەکە کە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. ڕیفراندۆمەکە ڕەزامەندی لەسەر نەدرابوو لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و بەبێ چاودێریکردن لەلایەن چاودێرانی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو. دوابەدوای ئەم ڕیفراندۆمە، حکومەتی عێراق گەشتە نێودەوڵەتیەکانی چوون و هاتنی بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ڕاگرت، و کۆنتڕۆڵی سنورەکانی پەڕینەوەی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و ووڵاتانی دراوسێ کرد. هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ماوە کورتیش هەبوون لە نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و کوتلەکانی حکومەتی عێراق لە ناوچە جێناکۆکەکان لە نزیك هەرێمی کوردستانی عێراق. دادگای باڵای عێراق لە کۆتاییدا بڕیاریدا کە ڕیفراندۆمەکە نادەستوریە، و حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی کە "ڕێز" لە بڕیارەکە دەگرێت. دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تێڕوانینێك بۆ بە فەرمی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکان لە ڕێگایە.

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ڕۆژی ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ بەڕێوەچوو. لە هەڵبژاردنەکان بڕیاردرا کە ٣٢٩ لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، دەسەڵاتی تەشریعی ووڵات، کە ئەم دەسەڵاتە سەرۆکی عێراق و سەرۆك وەزیران هەڵدەبژێرێ. هەڵبژاردنەکان لەسەرەتادا خشتەیان بۆ دانرابوو بۆ مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ بەڵام بۆ شەش مانگ دواخرا بەهۆی ململانێ لەگەڵ داعش. دوابەدوای ٤٤ لەسەدای کە دەنگیان دا، ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردن لە ڕۆژی ٩ی ئابدا ڕاگەیاندران. هەروەك لە ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، سێ پۆستە سەرەکیەکەی حکومەت، کە سەرۆك و سەرۆك وەزیران و ووتەبێژی پەرلەمانە بڕیاریان لێدرا، بە گوێرەی ڕێ و شوێنی "*محاصصة*" (کە تیایدا پۆستەکان بە یەکسانی لە نێوان نوێنەرانی سوننە و شیعە و کورد دابەشکران). لە ماوەی ئەم پرۆسەیە، خۆپیشاندانە توندوتیژەکان لە بەسرە سەریان هەڵدا و لە شارەکانی تریش لە باشور بەهۆی پیسبوونی ئاو و نەبوونی کارەبا.



## پۆلینکردنی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە

ئەو کاریگەریە کۆکراوانەی چوار ساڵی ململانێ، لەگەڵ ئەمەش بەردەوامی پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ، دەستگەیشتن بە ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکانی سنوردارکردووە، و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی ناڕێك خەملاندنێکی ٦,٧ ملیۆن کەسی لە سەرانسەری عێراق بە جێهێشتووە کە پێویستیان بە هەندێك جۆری هاوکاری مرۆییە.

بەهۆی گەڕانەوەی بەرچاوی ئاوارەکان و کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان، کۆی ژمارەی خەملێندراوی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە کەمبۆتەوە لە ٨,٧ ملیۆن لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ ٦,٧ ملیۆن لە ساڵی ٢٠١٩. لە کۆی ٦,٦٥ ملیۆن کەس پێویستیان بە هەندێك جۆری هاوکاری مرۆیی دەبێت، ٣,٣ ملیۆن بریتین لە ڕەگەزی مێ (ئافرەتان و کچان) و ٣,٣ ملیۆن بریتین لە منداڵان. ئەو کەسانەی کە گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە داعش لێ دەکرێت لە نێوان ئەو کەسانەن کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە، لەگەڵ ئەوانەش ئافرەتان و منداڵان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەتەمەنەکان. ئەو کەسانەی کە لە ئاوارەبوونی ماوە درێژن و ئاوارە گەڕاوەکان لە پەناگەی نیمچە ستاندەرن، جێگای نیگەرانی تایبەتن، هەروەك لەوانەیە هەست بە ناچاری بکەن بە هەڵبژاردەکانی مەترسی زۆر و نەرێنی بۆ خۆگونجاندنیان. هەرزەکاران ئەوانیش دەستنیشانکراون کە بێبەشنین لە زیان پێگەیشتن بەهۆی کاریگەریەکانی ململانێ کە بەسەریەکەوە کۆبوونەتەوە.[١]

- نزیکەی ٢ ملیۆن ئاوارە لە دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە ژیان دەگوزەرێنن پێویستیان بە هاوکاری دەبێت. زیاتر لە نیوەیان بۆ زیاتر لە سێ ساڵ دەبێت ئاوارەبوون. ئەم ئاوارانە بۆ ماوەی درێژ لە ئاوارەبیدان و ئێستا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانانی ئاوارە پێك دەهێن. نزیکەی ٣٠ لەسەدای ئاوارەکان لە پارێزگای نەینەوان، کە تیایدا هەندێك لە زۆرترین ڕێژەی هەژاریان تێدایە لە تەواویووڵات، کە ئەمەش پێویستیان بۆ هاوکاری زیاتر دەکات. لە کۆی ژمارەی ئەو ئاوارانە، زۆرینەیەکی بەرچاو (٧١ لەسەدا) لە دەرەوەی خێوەتگەکان نیشتەجێن، زۆربەیان لە ناو خودی هەرێمی کوردستانی عێراق و پارێزگای نەینەوان.
- نزیکەی ٤ ملیۆن ئاوارەی گەڕاوە لەوانەیە پێویستیان بە هەندێك جۆری سنورداری هاوکاری مرۆیی بێت. خەملێندراوە کە ٣,٩ ملیۆن ئاوارەی گەڕاوە لەوانەیە پێویستیان بە هەندێك جۆری سنورداری هاوکاری مرۆیی بێت. خەملاندنێکی ٣٨ لەسەدای ئەو ئاوارە گەڕاوانە لە پارێزگای نەینەوان؛ دوابەدوای ئەوانیش بە ٣٢ لەسەدا لە پارێزگای ئەنبارن کە دەستگەیشتن بە بارودۆخی خراپیان لەو پەڕیدایە هەروەك لەلایەن هاوکارانی مرۆییەوە دەوترێت. ٦٤١,٢٥٥ خێزان کە لە ساڵی ٢٠١٨ گەڕاونەتەوە، پۆلینکردنی بارودۆخی خراپیان و هەڵمەرجیان (ئاماژە بەوە دەکات کە نەبوونی ژیان و گوزەران، و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ئاسایش) بەم شێوەیەیە: ٧,٨٣٣ خێزان(زۆر بەرز)، ٦٥,٩٠٦ خێزان(بەرز)، ٣٠١,٤٧٦ خێزان(ناوەند) و ٢٦٦,٠٤٠ خێزان(نزم). ئەو شوێنانەی کە خاڵە گەرمەکانن و جەختیان لەسەر کراوەتەوە لە ناو خودی پێنج پارێزگای باکورن لەوانە نەینەوا، سەڵاحەددین، کەرکوك و دیالە و ئەنبار.
- نزیکەی ٤٠٠,٠٠٠ کەس کە پێویستیان بە هاوکاریە لە ناو کۆمەڵگاکان کە گەورەترین ژمارەی خێزانە ئاوارەکان لەخۆ دەگرن لەوانەیە پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی بێت. ئەمەش کەمبوونەوەیەکی بەرچاوە لە چاو چوار ساڵی ڕابردوو، ئەمەش ئەگەری ئەوەیە کە ژمارەی ئاوارەکان ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات بە تێکڕای گشتی و ئەو ڕێگایەی کە بەکارهێندراوە بۆ زیاتر بە ووردی خەملاندنی دۆخی ئابووری ئەو کەسانە کراوە کە پێویستیان بە هاوکاریە لە ناو کۆمەڵگاکانی خانەخوێ. چارەگێکی ئەو کۆمەڵگایانە لە ناو پارێزگای نەینەوان.
- خەملاندنێکی ٢٥٠,٠٠٠ پەنابەری سوری پێشبینی دەکرێن کە لە ناو عێراق بمێننەوە و پێویستیان بە هاوکاری بەردەوامە. پڕکردنەوەی پێویستیەکانی پەنابەران لە ژێر پلانی پەنابەری هەرێمی و پلانی توانای هەڵسانەوە بۆ ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ ئەنجام دەدرێت.

AGGREGATE NUMBER OF PEOPLE IN NEED

6.7 M

| TOTAL NUMBER OF DISPLACED PEOPLE | DISPLACED PEOPLE IN CAMPS | DISPLACED PEOPLE OUT OF CAMPS |
| --- | --- | --- |
| 1.98 M | 0.48 M | 1.5 M |
| **VULNERABLE HOST COMMUNITIES** | **REFUGEES** | **RETURNEES** |
| 0.39 M | 0.25 M | 4.0 M |

١ .شیکاری گروپی پەروەردە لەسەر بنەمای داتای خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ بۆ منداڵانی کە تەمەنی چوونە قوتابخانەیان هەیە، لە تەمەنی ٦ – ١٧ ساڵی وراپۆرتی ڕزگارکردنی منداڵان،'هەڵسەنگاندنی بازاری دەستی کاری گەنجان" سەڵاحەددین،'ناوەڕاستی عێراق

## ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە بۆ هەر پارێزگایەك

## PEOPLE IN NEED (AUGUST 2018)

| | BY STATUS | | | | | BY SEX AND AGE | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | IDPs (in millions) | Returnees (in millions) | Host communities (in millions) | Refugees (in millions) | Total people in need (in millions) | % Female | % Children, adult, elderly |
| ANBAR | 0.076M | 1.267M | 0.005M | 0.004M | 1.353M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| BABYLON | 0.028M | | | 0.000M | 0.024M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| BAGHDAD | 0.096M | 0.076M | 0.033M | 0.000M | 0.206M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| BASRAH | 0.008M | | 0.000M | 0.000M | 0.008M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| DAHUK | 0.350M | 0.001M | 0.050M | 0.086M | 0.486M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| DIYALA | 0.063M | 0.221M | 0.033M | 0.000M | 0.319M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| ERBIL | 0.220M | 0.044M | 0.064M | 0.123M | 0.482M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| KERBALA | 0.023M | | 0.001M | 0.000M | 0.025M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| KIRKUK | 0.127M | 0.315M | 0.006M | 0.001M | 0.450M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| MISSAN | 0.003M | | | 0.000M | 0.003M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| MUTHANNA | 0.001M | | | | 0.001M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| NAJAF | 0.024M | | 0.005M | 0.000M | 0.028M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| NINEWA | 0.613M | 1.481M | 0.101M | 0.004M | 2.168M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| QADISSIYA | 0.012M | | 0.003M | 0.000M | 0.015M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| SALAH AL-DIN | 0.174M | 0.517M | 0.074M | 0.000M | 0.765M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| SULAYMANIYAH | 0.151M | | 0.013M | 0.032M | 0.194M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| THI-QAR | 0.004M | | | 0.000M | 0.004M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| WASSIT | 0.012M | | 0.001M | 0.000M | 0.014M | 49 | 51 \| 44 \| 5 |
| **TOTAL** | 1.986M | 3.923M | 0.389M | 0.251M | 6.545M | **49%** | **51 \| 44 \| 5** |

**Children (<18 years old), adult (18-59 years), elderly (>59 years)*
*Figures are rounded, the total number of people in need (6.5M) is calculated based on actual figures.*

## ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە بۆ هەر گروپ/کەرتێك

| | BY STATUS | | | | BY SEX & AGE | | TOTAL |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | IDPs | Returnees | Host Community | Refugees | % Female | % Children, adult, elderly | People in need |
| Health | 1.748M | 3.452M | 0.342M | | 49 | 51 \| 46 \| 3 | 5.542M |
| Protection | 1.986M | 2.148M | 0.389M | | 49 | 51 \| 46 \| 3 | 4.523M |
| Water, Sanitation and Hygiene | 0.654M | 1.341M | 0.197M | 0.113M | 49 | 51 \| 46 \| 5 | 2.305M |
| Shelter and NFI | 0.713M | 0.992M | 0.389M | 0.256M | 49 | 51 \| 44 \| 5 | 2.350M |
| Multi-Purpose Cash Assistance | 0.717M | 1.987M | 0.193M | | 49 | 48 \| 52 \| 3 | 2.897M |
| Camp Coordination and Camp Management | 0.599M | 0.300M | 0.029M | | 49 | 51 \| 46 \| 5 | 0.927M |
| Food Security | 0.711M | 0.375M | 1.408M | | 49 | 51 \| 44 \| 5 | 2.495M |
| Education | 0.776M | 1.532M | 0.152M | 0.098M | 49 | 100 \| 0 \| 0 | 2.557M |
| Emergency livelihoods | 0.726M | 1.515M | 0.143M | | 49 | 46 \| 49 \| 5 | 2.385M |

## بارودۆخی خراپی پێویستیەکان

پێویستیە هەرە بەپەلەکان لەو ناوچانە دۆزراونەتەوە کە بەهۆی شەڕوپێکدادانەکانی ڕابردوو بۆتە هۆی وێرانکردنی ژێرخان، پۆلینکردنێکی خزمەتگوزاریەکان و نەمانی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، یان لەو ناوچانەی کە بە ناڕاستەوخۆ زیانیان پێگەیشتووە بە لەخۆگرتن و دابین کردنی شوێنێك بۆ دانیشتوانی ئاوارە. دەرفەتی سنورداری ژیان و گوزەران لەم شوێنانە بریتی یە لە هۆکارێکی سەرەکی کەوا دەکات هەندێك لەو کەسانەی کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە پشت بە هاوکاری مرۆیی ببەستن.


هەرچەندە ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی ئەم دواییە زیانیان پێگەیشتووە لەو پارێزگایانەن – لەوانە ئەنبار، نەینەوا، کەرکوك و سەڵاحەددین –لە هاوکاری کردنی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٩ جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر و شیکاری باشتر نیشان دەدەن لە جۆراوجۆرێتی شوێنی جیوگرافی گرنگ لە ڕووی پێویستیەکان لەسەر ئاستی قەزا. چەند بەشێکی پێویستیەکان کە جەختی زۆر یان زۆریان لەسەرە ئەوانیش لە ناو خودی هەرێمی کوردستان  دۆزراونەتەوە (لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك و سلێمانی ) هەروەها لە دیالە و بەغدا و بەشی باشوری وولاتیش.

دۆزینەوەکانی پاشکۆی بارودۆخی خراپی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ هاوتەریبە بە ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ کۆی پاشکۆی بارودۆخی خراپی گشتی فرە گروپ، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پێویستیەکانی کە دەستنیشانکراون لە شوێنی هاوشێوە. بە وەرگرتنی تەواوی دانیشتوانی ئاوارە، هەندێك لە ٥٣ لەسەدایان کە ئاوارەکانی ناو خێوەتگەکانن، ٣٣ لەسەدای ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگەن، و ٣٢ لەسەدای ئاوارە گەڕاوەکان پێویستیان بە هاوکاریە لە سێ کەرت یان زیاتر، لە کۆی گشتی ئەو حەوت کەرتەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە. [١]

- ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە لە ئەنبار و نەینەوا بریتین لە تەنها گروپ کە، بە تێکڕا، پێویستیان هەیە لە زیاتر لە چوار کەرت. ستراتیجیەکانی نەرێنی خۆگونجاندنی تەنگەتاوی[٢] دۆزراونەتەوە کە زۆرترە لە ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی کەرکوك و نەینەوا.
- ئاوارەکانی ناو خێوەتگە پێویستیەکانیان دەستنیشانکراون لە زیاتر لە سێ کەرت ئەوانیش لە ڕومادی (ئەنبار)، لە تکریت (سەڵاحەددین)، قەزاکانی موسڵ و حەمدانیە لە (نەینەوا) و ئاکرێ (نەینەوا ).
- ئاوارە گەڕاوەکان کە پێویستیەکانی فرە کەرتیان هەیە لە ناوچەکانی سنجار (نەینەوا)، بەیجی، بەلەد و دور (سەلاحەددین) و مەحمودیە (بەغدا). [٣]
- ئاوارە گەڕاوەکان لە هەندێك شوێن لە نەینەوا، بە تێبینیکراوی لە ئەلبەعاج، سنجار و چەقی قەزای تەلعەفەر، لە ڕۆژئاوای موسڵ، ناوچەکانی ئەل تەل، حەترە و موحلەبیە ئەوانیش دووچاری بارودۆخەکانی زۆر خراپی پێویستی دەبنەوە کە قەبارە کراوە لە بەرامبەر خزمەتگوزاریەکان، ژیان و گوزەران، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سەلامەتی، و بەردەوام ئەو شوێنانە دەبن کە ژمارەی ئاوارە گەڕانەوەکانی بە کەمی تێدایە.[٤]


شیکارکردنی ئەو داتا و زانیاریەی کە لەبەردەستدایە ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکبوونەوەیەکی هەماهەنگیکاری فرە کەرت کە خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری سەرەکی و پاراستن لە خۆدەگرێت – لێك دراوە لەگەڵ هەوڵەکانی چاککبوونەوە – لە توانای دا هەیە بۆ زیادکردنی توانای هەڵسانەوەی ئەو خێزانانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە لە سەرانسەری چەندین کەرت، لەوکاتەی کە ئەگەری ستراتیجیەکانی خۆگونجاندنی نەرێنی کەم دەکاتەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو یارمەتی دەر دەبێت لە ڕێگەگرتن لە خراپبوونی بارودۆخی مرۆیی و پلانەکان بۆ داهاتوو لە سەرەتای پرۆسەی چاککبوونەوە، دووبارە بنیاتنانەوە و نۆژەنکردنەوە.

١.خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، ٢٠١٨.
٢.ستراتیجیەکانی خوگونجاندنی تەنگەتاوی لەوانە: وازهێنانی منداڵان لە قوتابخانە؛ بەشداری کردنیان لە چالاکی قەدەغەکراو؛ کۆچکردنی تەواوی خێزان؛ بەشودانی منداڵ؛ بەشودانی بەزۆرەملێ.
٣.خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ بۆ بارودۆخی خراپی پێویستیەکان، ٢٠١٨.
٤.خولی یەکەمی پاشکۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان لەلایەن تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبووان، ئەیلولی ٢٠١٨.




سەرچاوە: بارودۆخی خراپی پێویستیەکان دامەزراوە لەسەر بنەمای ئەو پاشکۆیەی کە لێکدراوە لە ١٢ ئاماژە کە پێکهاتەیان بۆ دانراوە لە سەرانسەری چوار برگەی سەرەکی لە قەیرانی مرۆیی ئێستا. ئەمەش زیاتر لە بەشی ئەو ڕێکارەی کە بەکارهاتووە ڕوونکراوەتەوە. داتا و زانیاری کە لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی پێویستیەکانی فرە گروپ، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبووان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ،هەڵسەنگاندنی یەکگرتوویی شوێن، و سەرچاوە تایبەتیەکانی گروپ هاتوون. شیکاری سەرەوە تەواوکراوە لەگەڵ پاشکۆی بارودۆخی خراپی خولی چواری هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ و پاشکۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان لە ڕێگەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبووان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ.

تێبینی: ئەم نەخشەیە، بە یەکگرتوویی لەگەڵ پاشکۆی بارودۆخی خراپی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ و شیکاری تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی سەر بەڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکان بەکارهێندراوە، سوودی دەبێت وەك ڕێنموونیەکی ستراتیجی سەرتاپا لەسەر ئەو شوێنانەی کە بارودۆخی خراپیان هەیە و پڕکردنەوەی پێویستیەکان لە عێراق. لە کاتێکدا ئەم نەخشەیە جێگرەوە نیە بۆ نەخشەکانی بارودۆخی خراپی کەرت کە وەك ئامرازێکی سەرەکی دەمێنێتەوە بۆ بڕیاردانی بەرنامەیی و کرداری.




بۆ داتای خولی چواری هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، پاشکۆیەکی کەرتی پێویستیەکان لێکدراوەتەوە بۆ هەر کەرتێك، کە پێك دێت لە چەندین ئاماژەپێدەر کە دیاریکراون و پشتڕاستکراونەتەوە لە ڕێگەی ڕاوێژەکان لەگەڵ هەر گروپێك لە ناو عێراق. ئاماژە پێدەرەکان لە ناو خودی پاشکۆی هەر کەرتێك بڕی جیاوازی وەرگرتووە لە بەشداری کردنی خەملێندراویان بۆ کۆی گشتی پێویستیەکان، هەر وەك لەلایەن گروپەوە پشتڕاستکراوەتەوە، سەرۆك خێزانەکان دەستنیشانکرابوون وەکو "لە پێویستیدان" ئەگەر بڕی بێ بەشبوونی کەرتەکەیان گەورەتر بووبێت لەو بڕە دیاریکراوەی کە بڕدراوە. گروپەکان شیکاری زیاتریان کردووە بە بەکارهێنانی بڕیاردانی شارەزا و سەرچاوەی زانیاری جێگرەوە، بۆیە هەندێك لە ژمارەکان لەوانەیە بگۆڕێن.

# دانانی پاراستن لە چەقی بەرنامە و بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر خەڵکانی زیان بەرکەوتوو

## گشتاندنی کێشەکانی پاراستن و کارە لەپێشینەکانی سەرکردایەتی کردن

لە دۆخی دوای داعش، کە نیگەرانیەکانی پاراستن دەستنیشان دەکات لە بارەی ئاوارەکانی عێراق بریتی یە لە جەختکردنەوەیەکی سەرەتایی بۆ هاوکارانی مرۆیی، کارکردن بەرەو چارەسەریە ماوە درێژەکان بۆ ئەم ئاوارانە لە پێشی پێشەوەی پلاندانانی مرۆیی دەبێت لە ساڵی ٢٠١٩. زۆرینەیەکی گەلێك زۆر لە بەهاناوەچوونی مرۆیی تاکو ئەمڕۆ جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەو ئاوارانەی کە لە ناو خێوەتگە تۆمارکراوەکان نیشتەجێن (نزیکەی ٢٠ لەسەدای بە نزیکەیی ٢ ملیۆن کەس لە ئاوارەییدا دەمێننەوە). دەخەملێندرێت کە کۆمەك دەگاتە تەنها ١٠ لەسەدای ئەو ١،٥ ملیۆن کەسەی کە لە دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن. فراوانکردنی دەستگەیشتن بەم دانیشتوانە بریتی دەبێت لە کاری لەپێشینەی هاوکارانی مرۆیی.

پێویستیەکانی پاراستنی دانیشتوانی ئاوارە جۆراوجۆرن، و ژینگەی دوای ململانێ ی عێراق چینێکی تری ئاڵۆزی دەخاتە سەر بۆ دەستنیشانکردنی ئەم پێویستیانە. بەرەنگاریەکان هەن لە دەستکەوتنی بەڵگەنامەکانی پێناسی نیشتمانی و بەڵگەنامەی باری شارستانی گونجاو بۆ تۆمارکردنی مردووان، هاوسەرگیری و لە دایکبوون، و بۆ دابین کردنی مافەکانی خانووبەرە وماڵ و موڵك. ئاوارەکان نەبوونی دەرفەتەکانی دامەزراندن و ژیان و گوزەران لە نێوان نیگەرانیە هەرە سەرەکیەکانی خۆیان دادەنێن، لەگەڵ ئەوەش دەستگەیشتنی ناوەناوە بە خۆراك، تەندروستی، پەناگە و پەروەردە. بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگەکان، تەواوی ئەم نارِوونیانە دووهێندەیان لێ هاتووە. زیاتر لەوەش، بریی سەختی دەروونی و ئاوارەبوونی ماوە درێژ – زیاتر لە نیوەی ئاوارەکان لە ناو عێراق بۆ ماوەی سێ ساڵ یان زیاتر ئاوارەبوون – ناتواندرێت بە هەند وەرنەگیرێت. هەندێك لە ئاوارە عێراقیەکان پەنا دەبەنە بەر قەبارە سەختەکان لەوانە خۆکوشتن یان هەوڵدانی خۆکوشتن بەهۆی ئەو ئازارە سەختە دەروونیەی کە هەستی پێدەکەن.

ئاوارەکانی کە گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە داعش لێ دەکرێت دەستنیشانکراون وەکو ئەو سوودمەندبووانەی کە زۆر پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. لەبەر ئەو کەسانەی کە گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە داعش لێ دەکرێت کەسانی چەکداری ئاسایش دەچنە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان بەدوایان دەگەرێن، هەندێك جار بە شێوەی هەڕەمەکی ئاوارەکان و ئەندامانی خێزانیان دەستگیر دەکەن، ئەمەش پێشێلکاریە بەرامبەر خەسڵەتی مەدەنی و مرۆیی خێوەتگەکان، وا دەکات کە ژینگەیەك لە ترس و نادڵنیایی بۆ ئاوارەکان فەراهەم بکات. ئافرەتان و منداڵان کە باوك و مێرد و کورەکان و براکانیان یان هەتا ئەندامانی دوورتری خێزان تۆمەتبارن بە پەیوەندی هەبوونیان بە داعش کە دەکرێ دووچاری دەرەنجامی زۆر خراپ ببنەوە، و زۆربەی جار دەکەونە بەر هەڵسوکەوتی جیاکاری لە دابین کردنی دەستگەیشتن بە هاوکاری مرۆیی. لە ناو خودی خێوەتگەکان،ئەوان دوورەپەرێزخراون و جیاکراونەتەوە، کە دەچنە ژێر باری سنورداری لە جوڵانەوەیان، دەستگەیشتنیان بە کۆمەکی مرۆیی رەتدەکرێتەوە، و دەکرێنە قوربانی توندوتیژی سێکسی و بەهەڵقۆستنەوە. بۆ ئافرەتان و منداڵان کە گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە داعش لێ دەکرێت و لە دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن، ئەم کاریگەریە نەرێنیانە بەسەر یەکەوە کۆبوونەتەوە بە شێوەیەکی بەرچاو. جیاکردنەوەی نیگەرانیەکانی ئاسایشی شەرعی و پەرەپێدانی گەرانەوە و دووبارە خستنە ناوەوەی ئەم ئافرەت و منداڵانە بۆ ناو کۆمەڵگا گرنگە بۆ رێگەگرتن لە توندهاژۆیی داهاتوو . پرکردنەوەی پێویستیەکانیان لە نێوان نیگەرانیە سەرەکیەکانی پاراستنە لە ناو عێراق، لەگەڵ ئەوانەش رزگاربووانی دەستی توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزی لەوانە، بەهەڵقۆستنەوەی سێکسی و مامەڵەی نەشیاو، ئەو منداڵانەی کە لە مەترسیدان، و ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یان بارودۆخی تەندروستی درێژخایەنیان هەیە، کەسانی بەتەمەن، ئەو کەسانەی کە بە زۆرە ملێ یان پێش وەختە دەگەرێندرێنەوە، و ئەو کەسانەی کە دووچاری ئاستەنگەکان دەبنەوە لە دەستکەوتنی چارەسەریە درێژخایەنەکان.

### توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی و رەگەزی

توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی و رەگەزی لە ناو عێراق بەربڵاوە و لە ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکانی خێوەتگە راپۆرت کراون. ئەمەش خراپتربووە بە هۆی لاوازی ئەو ئافرەت و کچانەی کە مێردەکانیان، باوکیان، براکانیان و کورەکانیان کوژراون یان گیراون لە ماوەی ململانێ لە دژی داعش. هەرەشەکان لەوانە توندوتیژی خێزانی، توندوتیژی سێکسی، بەهەڵقۆستنەوە و مامەڵەی نەشیاو، لەوانە لەلایەن کەسانی ئاسایش؛ بەشودانی بەزۆرەملێ، لەوانە بەشودانی منداڵ؛ و رەتکردنەوەی سەرچاوەکان بۆ سەرۆك خێزانە ئافرەتەکان کە گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە داعش لێ دەکرێت. دەرفەتەکانی سنورداری ئابوری و بۆشاییەکان لە هاوکاری دەکرێ ببێتە هۆی ستراتیجیە نەرێنیەکانی خۆگونجاندن لەوانە سێکسی مانەوە لە ژیان.

لە رێگەی هاوکارەکانیەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان خزمەتگوزاریەکانی راستەوخۆی فرە کەرت دابین دەکات بۆ رزگاربووانی دەستی توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزی لەوانە ئافرەتان و کچانی ناو خێوەتگەکان و بەردەوام دەبن لە ئەنجامدانی ئەم کارە لەسەر بنەمایەکی بێ جیاکاری. ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانیان بەردەوامی دەدەن بە ئامادەییەکی بەهێز لە ناو خێوەتگەکان و بەردەوام دەبن لە هاندانی خێزانەکان ئەوانەی کە دووچاری توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزی دەبنەوە لە ناو خێوەتگەکان تاکو بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن یان لە رێگەی هێڵێکی گەرمی نهێنی کە لە ناو خێوەتگەکان بەردەستن.[1] هەوڵی زیاتر دەبێت ئەنجام بدرێن بۆ پرکردنەوەی پێویستیەکانی پاراستنی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی خێوەتگەکانن. چەندین دەستپێشخەری لە رێگادان لە ناو خودی ئەمە بۆ بە ئامانجکردنی هەردوو توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزی و سێکسی، بەڵام چاودێری دەبێت هەبێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم کارانە تەواوکەرین و گرنگی و کاریگەری دەخاتە پاڵ ئەم کارانە.

هەروەها سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات بۆ بانگەشە کردن لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ هاوکاری تەشریعی و چاکسازی سیاسی بۆ بەهێزکردنی میکانیزمەکانی پاراستن بۆ ڕێگەگرتن لە مامەڵەی نەشیاو کە سەرهەڵدەدەن و خستە بەر بەرپرسیارێتی ئەنجامدەرانی کارێکی لەو شێوەیە. لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٦، نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق بڵاوکراوەیەکی هاوبەشیان واژۆکرد کە پابەند دەبن بە چارەسەرکردنی توندوتیژی سێکسی کە پەیوەندی بە ململانێوە هەیە بۆ دڵنیابوون لە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان، هاوکاری ژیان و گوزەران و قەرەبووکردنەوەکان بۆ ڕزگاربووان و منداڵانی لەدایکبووی دەرەوەی هاوسەرگیری.

### ڕێگەگرتن لە بەهەڵقۆستنەوەی سێکسی و مامەڵەی نەشیاو

ڕێگەگرتن دەچێتە ناو کرۆکی ستراتیجی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وەستانەوە لە دژی بەهەڵقۆستنەوەی سێکسی و مامەڵەی نەشیاو لەلایەن ستافی نەتەوە یەکگرتووەکان. تۆڕێکی ڕێگەگرتن لە بەهەڵقۆستنەوەی سێکسی و مامەڵەی نەشیاو لە سەرەتادا لە ناو عێراق لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١٦ دامەزرا بۆ هەماهەنگی کردن و هاوکاری کردن لە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجیە، لەوانە بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکانی مەترسی. مەشقپێکردنی چڕوپڕی ستاف و دەستگەیشتن لە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجام درا، کە ئەنجامێکی زیادبوونی ڕاپۆرتەکانی ئەگەری مامەڵەی نەشیاو بوو لە ساڵی ٢٠١٨. هەروەها هێڵێکی گەرمی تەرخانکراو دامەزراوە بۆ ناردنی پرسی دیاریکراو لە سوودمەندبووان بۆ ئاژانسەکانی بەهاناوەچوون و گروپەکان و ڕێگاکانی کە دامەزراون بۆ ڕەوانە کردن بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی کێشە هەستیارەکان، لەوانە تۆمەتەکانی بەهەڵقۆستنەوەی سێکسی و مامەڵەی نەشیاو.

---

١.سەنتەری زانیاری ئاوارەکانی عێراق بریتی یە لە سەنتەرێکی پەیوەندی کردنی تەلەفۆنی کەلەلایەن ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوو لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ دابین کردنی زانیاری دیاریکراو بۆ کۆمەڵگاکانی ئاوارە لە سەرانسەری عێراق لەسەر هاوکاری مرۆیی، لەوانە خاڵەکانی دابەشکردنی خۆراك، خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی، و هەڵبژارەکانی پەناگە. هەروەها کاردەکات وەك میکانیزمێکی هەڵسەنگاندن، کە خزمەت دەکات وەك هێڵێکی گەرم کە سوودمەندبووان دەتوانن کێشەکانیان بگەیێنن لەبارەی دەستگەیشتن بە کۆمەك یان ڕاپۆرت بکەن لە بارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.

هەر ڕاپۆرتێك دواتر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت لەلایەن ئاژانسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ڕەوانە دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی لەلایەن هاوکارێکی جێبەجێکار و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. سەرنجی تایبەت پێویستە لەلایەن هاوکارانی پەیوەندیدار لە ناو عێراق بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کارەکانی هێڵە گەرمەکە وەکو خۆی بەڕێوە دەچێت. بەهاناوەچوونێکی کاریگەر هەموو کارەکان لەخۆدەگرێت دوابەدوای ڕاپۆرتێکی ئەگەری مامەڵەی نەشیاو کە وەردەگیرێت تاکو بەدڵناییەوە و بە گونجاوی کاری سزادانیش جێبەجێ بکرێت لە دژی ئەنجامدەرانی مامەڵەی نەشیاو. نەتەوە یەکگرتووەکان کاردەکات بۆ باشتر خێراکردن، دەقیقی وگشتگیر لە ڕاپۆرتکردنی هەموو تۆمەتەکان لە بارەی بەهەڵقۆستنەوەی سێکسی و مامەڵەی نەشیاو، هەنگاو و جۆرێتی لێکۆڵینەوەکان و بەدواداچوون و بەرپرسیارێتی. ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناو عێراق بە هەماهەنگی لە نزیکەوە لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکان ئامانجیان بریتی دەبێت لە دڵنیایی دان لەوەی کە قوربانیەکان ئەو هاوکاریەی کە شایەنیانە وەریدەگرن لەو کاتەی کە تۆمەتێك وەردەگیرێت تا ئەو کاتەی کە ئەنجامێك بەدەست دێت. گۆڕێنی ئەم نیازە بۆ جێبەجێکردنێکی بەردەوام هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەیەکی لێخۆشنەبوون کە ئەمەش وەك بەرەنگاریەکی بەردەوام دەمێنێتەوە.

### تێڕوانین و بەرپرسیارێتی بۆ کەسانی زیان بەرکەوتوو


کۆمەڵگای مرۆیی لە ناو عێراق بەردەوامە لە دانانی بەرپرسیارێتی بەرامبەر کەسانی زیان بەرکەوتوو لە چەقی ئۆپەراسیۆنە مرۆییەکان. میکانیزمەکان لەوانە سەنتەری دووەمی پەیوەندیکردنی زانیاری بۆ ئاوارەکان لە عێراق (سەنتەری پەیوەندی کردنی ئاوارەکانی عێراق، یان سەنتەری پەیوەندی کردنی ئاوارەکان)، هەڵسەنگاندنەکانی بەپەلەی پاراستن، تیمی پەیوەندی کردن لەگەڵ کۆمەڵگاکان، تۆڕی ڕێگەگرتن لە بەهەڵقۆستنەوەی سێکسی و مامەڵەی نەشیاو و ڕێ و شوێنەکانی بەرپرسیارێتی دیاریکراوی کەرتی جۆراوجۆر (لەوانە لێژنەکانی خێوەتگە) بە هاوکارانی مرۆییان ڕاگەیاندووە لە تێگەیشتنی پێویستیەکانی خەڵک و بۆچوونەکانیان.

وەك بەشێك لە یارمەتیدانی پێویستیەکان بۆ تێڕوانینی پێویستیە مرۆییەکان لە ساڵی ٢٠١٩، هاوکارانی مرۆیی چاوپێکەوتنەکانی ڕووبەڕوویان ئەنجامدا و گفتوگۆیەکانی گروپ کە جەختکردنەوەیەکە لەگەڵ کۆمەڵگا زیان بەرکەتووەکان لە هەردوو دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە، قسەیان لەگەڵ کەسانی سەرەکی کرد لەسەر ئاستی کۆمەڵگا. شیکار بۆ داتاو زانیاریەکان ئەنجامدرا لە سەرچاوەکانی دووەم وەك سەنتەری پەیوەندیکردنی ئاوارەکان و توێژینەوەیەك لەلایەن OECD ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان بۆ دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو لە ناو عێراق، بۆ باشتر تێگەیشتن لە کۆی توانای ئاوارەکان بۆ دەستگەیشتن بە هاوکاری مرۆیی.

هەڵسەنگاندنێکی پێویستیەکانی فرە گروپ لە مانگی ئابی ٢٠١٨ ئەنجامدرا بۆ دەستگەیشتن بە کۆمەکی لەلایەن دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو. کۆی گشتی ٩٤ لەسەدای ئاوارەکان لە ناو خێوەتگەکان پشتڕاستیان کردەوە کە کۆمەکیان وەرگرتووە لە ٣٠ ڕۆژی پێش توێژینەوەکە، بە بەراورد بە تەنها ١٠ لەسەدای ئاوارەکان لە شوێنەکانی دەرەوەی دامەزراوەی خێوەتگە و ٤ لەسەدای ئاوارە گەڕاوەکان. هۆکاری تریش هەن کە لەوانەیە هەژمار بکرێت لە نزمی سەدای نێوان ئاوارە گەڕاوەکان و ئاوارەکان لە شوێنەکانی دەرەوەی دامەزراوەی خێوەتگە. هاوکاران هەڵسەنگاندن دەکەن لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەنجامەکان و هۆکارەکانی کە کاریگەریان هەیە وەکو داتا و زانیاری لە



Percentage of households who reported receving aid in the 30 days prior to the data collection





Source: MCNA VI, August 2018

دوای مانگی ڕەمەزان کۆکراونەتەوە، لە کاتێکدا کە چالاکیە مرۆییەکان لەوانەیە کەم ببنەوە، یان ئەگەری ئەوەی هەبێت کە دانیشتوانان لەوانەیە هەندێك خزمەتگوزاری کە لەلایەن هاوکارانی مرۆییەوە دابین دەکرێت وەکو کۆمەکی مرۆیی ببینن.

ئاستەکانی کۆی ڕازیبوون لەگەڵ کۆمەکی مرۆیی بەرز لە سەرانسەری سێ گروپەکان کە توێژینەوەیان بۆ کراوە، ٨٧ لەسەدای بۆ ئاوارە گەڕاوەکان، ٧٥ لەسەدای بۆ ئاوارەکان لە ناو خێوەتگە، و ٦٩ لەسەدای لە نێوان ئاوارەکان لە شوێنەکانی دەرەوەی خێوەتگە. ئاستەکانی ڕازیبوون لەگەڵ کارگوزارانی کۆمەك بەرزبوو لەسەرانسەری سێ گروپەکان، لەگەڵ بەرزترین ڕێژە کە ٩٢ لەسەدایە لە نێوان ئاوارەکان لە ناو خێوەتگەکان. هەموو وەڵامدەرەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕازی نەبوون هەیە لە بڕەکانی کۆمەکی کە وەرگیراون.

Perentage of households satisfied with aid workers




Source: MCNA VI, August 2018

سەرەڕای هەبوونی میکانیزمەکانی وەکو سەنتەری پەیوەندی کردنی ئاوارەکانی عێراق، کۆمەڵگا زیان بەرکەوتووەکان بە بەردەوامی ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەوان زانیاریان نیە لەبارەی خزمەتگوزاریەکان و ئەو هاوکاریەی کە بەرجەستەیە بۆیان؛ وەڵامدەرەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویستی هەیە بۆ دابەشکردنی زانیاری وورد و کاتی. لە سەرانسەری تەواوی گروپەکانی دانیشتوانانی ئاوارە، زانیاری هەرە سەرەکی کە داواکراوە بریتی بووە لەبارەی دەرفەتەکانی ژیان و گوزەران (٥٨ لەسەدا)، سەلامەتی و ئاسایش (٤٢ لەسەدا)، و بارودۆخی نیشتەجێبوون (٣٣ لەسەدا)، دوابەدوای ئەویش زانیاری لەسەر بارودۆخی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان. داواکردنی زانیاری لەبارەی دەرفەتەکانی ژیان و گوزەران لەوانەیە ئاماژەپێدەرەی ئەوە بێت کە لەگەڵ بەرەوپێشوەچوون لە ململانێ ی چالاك بۆ بارودۆخێکی ئاوارەبوونی ماوە درێژ بۆ هەندێك لە سوودمەندبووان، دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو دەستیان بە جولە کردووە لە داواکردنی هاوکاری مرۆیی بۆ ڕزگارکردنی ژیان، و زیاتر بەدوای چارەسەریەکانی ماوە درێژ دەگەڕێن بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانیان. لە ساڵی ٢٠١٧، ئەوەی کە زۆر داوای لەسەر بوو لە دوای زانیاری لەلایەن دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو بریتی بوو لە دابەشکردنی هاوکاری (٣٨ لەسەدا) دوابەدوای ئەویش زانیاری لەسەر ڕێکخراوە کۆمەکبەخشەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

٢. سەرچاوەی ژمارە ١ ببینە.
٣.چارەسەریەکانی ڕاستەقینەی مەیدانی، توێژینەوە لەبارەی خەڵکانی زیان بەرکەوتوو و توێژینەوەی ستاف تشرینی یەکەمی ٢٠١٧.
٤.خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، ٢٠١٨.
٥. خولی چوارەمی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گروپ، ٢٠١٨.

لەو کاتەی کە کارگوزارانی مرۆیی دەگەڕێن بە دوای زیادکردنی بەرپرسیارێتی بۆ دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو، بەرهەمهێنانەکان پێویستە ئەنجام بدرێن بۆ ناو ڕێگاکانی گفتوگۆکردن کە لەلایەن دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو بە باش دەزاندرێت. دۆزینەوەکان لە ڕێگەی توێژینەوەکانی هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە گروپ ئاماژە بەوە دەکات کە دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو پێیان باشترە کە هەڵسەنگاندن دابین بکرێت لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕوو بەڕوو لەگەڵ کارگوزارانی کۆمەکی (٧٢ لەسەدا) و پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان (٤٠ لەسەدا). بە هاوتەریبی، دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو زیاتر پێیان باشترە کە زانیاری لەلایەن خێزان و هاوڕێکانیان لە شوێنی زێدی خۆیان وەربگرن، دەسەڵاتداران و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویستیەك هەیە بۆ بەرهەمهێنان لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگاکان.

سەبارەت بە میکانیزمەکانی سکاڵا، داتا ئەوە نیشان دەدات کە ئەوکەسانەی ناو خێوەتگەکان کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە، زیاتر لە ٧٨ لەسەدای ئاشنان بەوەی کە چۆن سکاڵا تۆماردەکەن لەوکاتەی ٨٧,٥ لەسەدا وا هەست دەکەن کە هیچ ئاستەنگێك نیە لەبەردەمیان بۆ کردنی ئەم کارە. هەرچەندە، ئەم زانیاریە پێچەوانەیە بە نموونەی فراوانبوونی دانیشتوان کە توێژینەوەیان بۆ کراوە لەلایەن توێژینەوەی ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان، ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی ئاوارەکان نازانن چۆن سکاڵا تۆمار بکەن و باوەڕیان بەوە نیە کە بۆچوونەکانیان بە هەند وەربگیرێت لەبارەی دابین کردنی کۆمەك. هەوڵی زیاتر بە ڕوون و ئاشکرایی پێویستن، بە تایبەتی بۆ دانیشتوانانی دەرەوەی دامەزراوەی خێوەتگە کە زیاتر دەستگەیشتنی سنورداریان هەیە بۆ میکانیزمەکانی سکاڵا.

لە هەر حاڵەتێکدا، هۆشیاری زۆر لە بارەی ڕێ و شوێنەکانی سکاڵا ڕەنگدانەوەی نیە بۆ ڕازیبوون بە جۆرێتی ئەو بەدواداچوونە و چارەسەری بۆیان، لەو کاتەی کە ٧٦ لەسەدای ئاوارەکانی ناو خێوەتگە توێژینەوەیان لەسەر کراوە لە یەك هەڵسەنگاندن ڕاپۆرت کراون کە دەڵێن هیچ نەکراوە کاتێك سکاڵایەك وەرگیراوە. هەبوونی زانیاری لەبارەی سەرچاوەی باشتری زانیاری – هەروەها تێگەیشتن لەوەی ئەگەر خەڵکانی زیان بەرکەوتوو ئاسوودەبن لە بەرزکردنەوەی سکاڵا – ئەمەش ڕێگە بە هاوکارانی مرۆیی دەدات کە بەرهەمهێنانی زیاتر بەدەستبێنن لە  توانای ڕاست و دروست. بەدواداچوونە سیستەماتیکیەکان و ڕەوانەکردنی حاڵەتەکان لەسەر ئەو حاڵەتانەی کە ڕاپۆرت کراون بە هاوتەریبی دەڕوا لەگەڵ جێگیرکردنی متمانە لە

میکانیزمەکان کە پێش وەختە دانراون. کاتێك دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو متمانەیان دەست کەوت لە میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن، لەوانە وەرگرتنی وەڵامێك بۆ ئەو سکاڵایانەی کە تۆمارکراون، لەوانەیە ئاستی بەشداری کردنیان زیاد بکات.

هەوڵەکان دەبێت بدرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە میکانیزمەکان دانراون بۆ بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر دانیشتوانانی زیان بەرکەوتوو لەسەرانسەری وڵات، هەروەها بەردەوامیدان بە هاوسەنگی لە نێوان ڕێ و شوێنەکانی سکاڵای ناوەندی و میکانیزمەکانی ناوخۆیی وەکو گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکان، لیژنەکانی خێوەتگە. پێویستیەك هەیە بۆ بنیاتنانی دیالۆگی چالاك لەگەڵ کۆمەڵگا زیان بەرکەوتووەکان، ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە نەك هەر تەنها هەست بە توانابوون دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵا یان پێدانی ڕەخنە بەڵکو متمانە بە هاوکارانی مرۆیی دەکەن کە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك کاری گونجاو دەگرنە ئەستۆ لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنەی کە وەریدەگرن.

٦. چارەسەریەکانی ڕاستەقینەی مەیدانی، توێژینەوە لەبارەی خەڵکانی زیان بەرکەوتوو و توێژینەوەی ستاف تشرینی یەکەمی ٢٠١٧.
٧. هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە/ پڕۆفایلی دەستپێشخەری خێوەتگە لەلایەن ڕێکخراوی REACH، خولی ١٠، ئابی ٢٠١٨.
٨. هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە/ پڕۆفایلی دەستپێشخەری خێوەتگە لەلایەن ڕێکخراوی REACH، خولی ١٠، ئابی ٢٠١٨.



## بەرەنگاریەکانی دەستگەیشتن و کرداری

### لەو کاتەی کە نەبوونی ئاسایش بەردەوامە، دەستگەیشتنی کردەیی بۆ زۆربەی ناوچەکانی عێراق بەرەو باشتر چووە لە ساڵی ٢٠١٨.

ئەو ناوچانەی کە "ناتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت" بەهۆی بەردەوامی ململانێ، ئاستە بەرزەکانی نەبوونی ئاسایش یان ڕەتکردنەوەی تێپەڕبوون ئێستا کەمتربووە، بە ڕوونی دەتواندرێت بزاندرێت و بە شێوەیەکی زۆر بە خۆماڵی کراوە. بە هاوتەریبی، خراپبوونێکی بەرچاو هەبووە لە رووی ئاستەنگەکانی حکومی بۆ بەهاناوەچوونێکی کاتی و کاریگەر. لەو نیگەرانیەی ئێستا گەشەسەندنی ئەو شێوازەیە بۆ دەسەڵاتداران لەسەر ئاستی قەزا و پارێزگا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێ و شوێنانەی کە لەسەر ئاستی نیشتمانی ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە بۆ دەستکەوتنی نووسراوی چوونەژوورەوە، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەدەنی و هەروەها کەسانی سەربازی کە داوای ڕەزامەندی تر دەکەن کە دەبێت لە ناوخۆ ڕەزامەندی لەسەر درابێ. لەو کاتەی کە بەڕاستی نابنە ڕێگر لەبەردەم گەیاندنی هاوکاری مرۆیی، دواکەوتنی بەرچاو دەکرێ ڕووبدات، بۆ ئەوەی پێویست بکات میکانیزمەکانی گەیاندنی کۆمەك قورس بکات. پارێزگاکانی ئەنبار و موسڵ و سەلاحەددین و کەرکوك هەموویان نموونەی چڕ پێشکەش دەکەن لەم بارەیەوە.

بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان، پرۆسەی تۆمارکردنی فیدراڵی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە بەغدا سەلمێندراوە کە دەبێتە ئاستەنگ کات بەفیڕۆدان بۆ ڕاپی کردنی کارەکان، لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ چەندین مانگ چاوەڕێ ی تۆمارکردن دەکەن تاکو ڕێگەیان پێبدرێت دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژە بکەن. دواکەوتن لە تۆمارکردنی ناویان بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی کاریگەری نەرێنی دووەم لە سنوردارییەکان لەسەر فۆرمەکانی ڤیزا و ڕەتکردنەوەی نووسراوەکانی چوونەژوورەوە بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە تۆمار نەکراون.


لەکاتێکدا کە ڤیزاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە شێوەیەکی گشتی بەردەستن، ڤیزاکانی حکومەتی عێراق بۆ ١٠٠٠ ستافی ڕێکخراوی ناحکومی کە لەسەر گرێبەستی نێودەوڵەتین – لە کۆی ١٦٠٠٠ ستافی ڕێکخراوی ناحکومی کە لە ناو عێراقن – بەدەستهێنانیان ئەستەمە و تێچوویان زۆرە. باوترین جۆرەکانی ڤیزا کە لەلایەن حکومەتی عێراق دەردەچوێندرێن بریتین لە ڤیزاکانی هاتنەژوورەوەی چەندجار بۆ سێ یان شەش مانگ، لەو کاتەی کە کەمتر لە ١٠ لەسەدای ئەو ڤیزایانەی کە دەرچوێندراون بریتیبوون لە ڤیزاکانی هاتنەژوورەوەی چەندجار بۆ یەك ساڵ. پرۆسەی بە دەستهێنانی ڤیزای حکومەتی عێراق بە تێکڕا ٤٤ ڕۆژ دەخایەنێت و کە سەرەڕای چەند جارەیە بۆ نووسینگەی حکومی جۆراوجۆر لە دەوروبەری بەغدا. هەروەها داوا لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەکرێت کە نووسینگەی جیایان لە بەغدا هەبێت، ئەمەش بە پێویست دەزانرێت کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان نووسینگەی تازە بکەنەوە یان نووسینگەکانیان بۆ بەغدا بگوازنەوە تاکو بە ئاسانی بتوانن ڤیزاکان چالاك بکەن. کۆی تێچووی پرۆسەی ڤیزا بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ بە شێوەیەکی گشتی خەملاندنی بۆ کراوە کە تێچووەکەی زیاترە لە ٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی.

گۆڕانی چاوەڕوان نەکراوی کارگێری دەکرێ چینی ئاڵۆزتر بخاتە سەر. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی ناوەخۆی عێراق ڕێنماییەکی دەرچواند کە داوای لە هەموو کارگوزارانی ڕێکخراوی ناحکومی بیانی کرد بۆ پێدانی پارەی پێش وەختە بە بڕی ١ ملیۆن دیناری عێراقی بۆ هەموو ڤیزاکانی ستافی نێودەوڵەتی. ئەمەش بووە دەرەنجامی زیاتر لە ٤٠٠ ستافی ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی کە هەڵپەسێردراون و ناتوانن ڤیزاکان بەدەستبێنن، هەندێکیان ناتوانن گەشت بکەن بۆ شوێنەکانی کارکردنیان بۆ چەند هەفتەیەك، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیاندنی کۆمەك بۆ کۆمەڵگاکان بە شێوەیەکی کاتی و کاریگەری هەیە بۆ سەرانسەری چەندین پارێزگا. تێچووی مرۆیی و دارایی لە دواکەوتنی بەرنامەدانانی مرۆیی ئەستەمە لێکبدرێتەوە.

لەو کاتەی پانتاییەکی بەرفراوانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بە کۆتا هات، دەتوانین بڵێین کە بارودۆخی ئاسایش بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت،بەڵام لە ڕاستیدا، زۆر ئاڵۆزتر بووە. لەگەڵ کۆمەڵگاکان و کەسانی چەکدار کە هێشتا زۆر بە خراپی دابەشبوون بە درێژایی هێڵەکانی تایەفەگەری و عەشایەری و نالێبووردەیی، پێویستی هەیە بۆ ئاشتەوایی و بنیاتنانی کۆمەڵگا کە ئەمەش بریتی یە لە نیگەرانیەکی فشارکراو. لە ژینگەیەکی گوماناوی، کە پستە پست و بۆچوونەکانی لایەنگیری سیاسی دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی کە دەستگەیشتنی یەکسان بە هاوکاری مرۆیی بۆ خەڵك ڕەتبکرێتەوە، بەهاناوەچوونی مرۆیی دەبێت هەوڵەکانی دووهێندە لێبکات بۆ بەردەوام بوون لە وەی کە لایەنگیری نەکات، و گشتگیر و ئازاد بێت لە تێوەگلانی سیاسی.

لە کۆتایی مانگی ئاب، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم خولی مەشقی نەخشەدانانی خراپی بارودۆخی دەستگەیشتنی بە کۆتا هێنا، کە پێك دێت لە گروپە جەختکەرەوەکان کە لەسەر ئاستی حکومی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییەکان بەڕێوەچوو بۆ بانگهێشت کردن و باسکردن و بڕیاردان لە بۆچوونی هاوکارانی مرۆیی لە بارەی ئاستەنگەکانی دەستگەیشتن لە هەموو قەزایەکانی پارێزگا. مەشقی سەر بنەمای چاودێریکردن تەواوکەری میکانیزمەکانی سەر بنەمای ڕووداوەکانە کە ئێستا لە بەردەستدان، بە تێبینیکراوی

نەخشەدانانی ڕووداوی ئاسایشی چڕوپڕی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ سەلامەتی، و بە بەردەوامی ئەنجام دەدرێت لەسەر بنەمایەکی چارەگی، یان چەندین جار ئەگەر پێویست بکات.




١. هەڵسەنگاندنەکانی تێروتەسەلی ئەندامی لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق
٢.توێژینەوەی لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق لەگەڵ ٦٦ وەڵامدەرەوە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکان، تەموزی ٢٠١٨.
٣. توێژینەوەی لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق لەگەڵ ٦٦ وەڵامدەرەوە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکان، تەموزی ٢٠١٨.
٤. تێچووی ڤیزاکان بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە عێراق، شیکارێکی لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق لە بارەی تێچووەکان بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە لە عێراق کاردەکەن، نیسانی ٢٠١٨.
٥. ژمارە. ١٤٢٤ی ٢٠١٨/٦/٢٤ لە بارەی بەکارهێنانی دڵنیایی دانراو لە یاسای عێراقی بۆنیشتەجێبونی بیانی ژمارە ٧٦ لە ٢٠١٧/ پەرەگرافی ب- بەشی ٣ لە ماددەی ١٨.
٦. شیکاری ئەندامی لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق، حوزەیرانی ٢٠١٨.
٧.ڕێکخراوی سەلامەتی نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخراوی ناحکومی.

## هەبوونی ئاستەکانی ڕێگربوون لە دەستگەیشتن بۆ هەر قەزایەك


سەرچاوە: نەخشەی بارودۆخی خراپی دەستگەیشتن لەلایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی، ئابی ٢٠١٨

## ئامادەیی هاوکاران بۆ هەر پارێزگایەك و گروپێك

| Governorates | CCCM | Education | Emergency Livelihoods | Food Security | Health | MPC | Protection | RRM | SNFI | WASH | Grand Total |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Anbar | 2 | 7 | 3 | 10 | 9 | 7 | 22 | 2 | 10 | 11 | 45 |
| Babylon | | 1 | 1 | | 2 | | 6 | | | 2 | 9 |
| Baghdad | 1 | 3 | 1 | 5 | 5 | | 12 | | 2 | 5 | 27 |
| Basrah | | | | | 1 | 1 | 5 | | 1 | 1 | 8 |
| Dahuk | 1 | 8 | 12 | 6 | 18 | 2 | 27 | | 5 | 11 | 62 |
| Diyala | 1 | 3 | 4 | 3 | 6 | 3 | 14 | | 2 | 4 | 26 |
| Erbil | 1 | 11 | 9 | 13 | 12 | 1 | 24 | | 8 | 3 | 54 |
| Kerbala | | | | 2 | 1 | | 7 | | 1 | 1 | 10 |
| Kirkuk | 2 | 8 | 8 | 6 | 13 | 4 | 21 | 1 | 11 | 10 | 48 |
| Missan | | | | | | 1 | 3 | | 1 | 1 | 5 |
| Muthanna | | | 1 | | | 1 | 2 | | 1 | 1 | 5 |
| Najaf | | | | | 3 | | 6 | | 1 | 1 | 9 |
| Ninewa | 4 | 23 | 22 | 26 | 30 | 12 | 55 | 1 | 24 | 31 | 108 |
| Qadissiya | | | 1 | | | 1 | 4 | | 1 | 1 | 7 |
| Salah al-Din | 3 | 6 | 3 | 6 | 10 | 6 | 16 | 2 | 8 | 9 | 38 |
| Sulaymaniyah | 2 | 4 | 7 | 4 | 9 | 3 | 15 | | 5 | 5 | 35 |
| Thi-Qar | | | | | | 1 | 4 | | 1 | 1 | 6 |
| Wassit | | | | | | | 3 | | | 2 | 5 |
| | 7 | 34 | 30 | 33 | 42 | 15 | 84 | 4 | 39 | 48 | 167 |

سەرچاوە: تەختەی زانیاری مرۆیی عێراق، ئەیلولی ٢٠١٨

## ئامادەیی هاوکاران لە هەر قەزایەك




سەرچاوە: تەختەی زانیاری مرۆیی عێراق، کێ چی دەکات و لە کوێ (ئەیلولی ٢٠١٨